دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدرالدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٥٤، شەممە، ١٦ی جۆزەردانی ١٣٩٤، ٦ی ژووەنی ٢٠١٥، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

بە بۆنەی ١ی ژوەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵ، پیرۆزبایی لەسەرجەم منداڵانی هەر چوار پارچەی کوردستان و بە تایبەت منداڵانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین و بەم بۆنەیەوە هەموو منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی خۆی سوورە لەسەر پێکهێنانی جیهانێکی شیاوی منداڵان بۆ منداڵە ئازیزەکانی کوردستان. لەم پێناوەدا منداڵان و مێرمنداڵانی ئەم نیشتمانە دڵرفێنە بە سەرمایە و بناغەی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەزانێ و لە هیچ چەشنە خزمەتێ بۆ دەستبەربوونی مافەکانیان کەمتەرخەمیی نانوێنێ و هەردەم بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و شارستانیانە، دابینبوونی مافە ڕەواکانیان لە سەرووی هەموو قازانج و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای کوردستان دادەنێ. جارێکی دیکە ئەم ڕۆژە پیرۆزە لە هەموو منداڵانی کوردستان و بە تایبەت منداڵە خۆشەویستەکانی شەهیدی هەرگیز نەمر «قادر کەریمی» پیرۆز دەکەین و بڵێن دەدەین تا سەر خزمەتکاری ئاوات و ئارەزووکانیان بین.


وتووێژی حەوتوونامەی Jungle Word ی ئاڵمان... ٤

بەرەو ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات ٥


لە وتووێژێک لەگەڵ بەڕێز تەیموور موستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسیی... ٦


Pkk بە نیازی چارەسەری کێشەکان نییە ٧

# حیزبی دێموکرات نە شەڕی براکوژی دەکات و نە لە بەرامبەر گوشاریشدا چۆک دادەدا


وێنە: سەلاح نادری

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پێداگری کردن لە سەر بڕیاری خۆی لەمەڕ پاشەکشە نەکردن لە ناوچەی کێلەشین بەهۆی گوشارە دەرەکییەکان، دیسانەوە پابەندبوونی خۆی بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد و خۆبواردن لە ئاڵۆزی و تێکهەڵچوون لە نێو هێزە خەباتگێڕەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەربڕی.

پاش هێرشی چەکدارانەی گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە (پەکەکە) بۆ سەر پۆلێك لە پێشمەرگە خەباتکارەکانی حیزبی دێموکرات کە ڕۆژی یەکشەممە ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤ بەرامبەر بە ٢٤ی مانگی مەی ٢٠١٥ لە بەرزاییەکانی ناوچەی «کێلەشین» ڕووی دا، یەکێك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بە ناوی «قادر کەریمی» شەهید کرا و ٣ کەسی دیکەش بریندار بوون.

پەلاماری گریلاکانی پەکەکە بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دژکردەوەی هەمەلایەنەی بیروڕای گشتی و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەرەڕوو بوویەوە و خەڵکی کوردستان وێڕای مەحکوم کردنی ئەو کردەوەیەی پەکەکە، وەها کردارێکیان بە چەشنێك شەڕی براکوژی و خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دوژمنانی گەلی کورد لە قەڵەم دا.

هەروەها ڕەوت و لایەنە سیاسییەکان وێڕای خەڵکی کوردستان، خوازیاری کۆتایی هێنانی دەسبەجێی شەڕی پەکەکە لە دژی حیزبی دێموکرات بوون. پاش ئەم هێرشانە، هەوڵەکان بۆ هێورکردنەوەی ناوچەی کێلەشین پەرەیان ئەستاند و بە نێوبژیوانیی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لایەنەکانی ئەم شەڕە ئامادەیی خۆیان بۆ دانوستان و وتووێژ لە پارلەمانی هەرێمی کوردستان و کۆتایی هێنان بە ئاڵۆزییەکان ڕاگەیاند.

هەر لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەرکردنی ڕاگەیەندراوێك وێڕای دەربڕینی بەداخبوونی خۆی لەم هەنگاوە دژە نەتەوەییەی پەکەکە ڕایگەیاند: «ئەم کردەوەیەی پەکەکە دەچێتە خانەی خەیانەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕادەگەیەنین کە ئێمە نە تەنیا دەستپێشخەری ئەم شەڕە نەبووین، بەڵکوو خوازیاری بەردەوامیی وەها بارودۆخێکیش نین و داوا لە بەرپرسان و ڕێبەرایەتیی پەکەکە دەکەین کە بە لۆژیکی سیاسی و نەتەوەیی بڕیار بدەن و دەست لەو ڕێگە پڕ هەڵەیەی خۆیان هەڵبگرن.»

هەروەها مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا بۆ خەڵك و هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە لە تەلەڤیزیۆنی «ڕۆژهەڵات» بڵاو کرایەوە، ڕایگەیاند کە:

«حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، نە لە ڕابردوودا و نە لە ئێستاشدا حیزبێکی شەڕخواز نەبووە و نییە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جگە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هیچ حیزبێکی بە دوژمنی خۆی نەزانیوە و هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە لە ڕاستای داکۆکی کردن لە مافە پێشێلکراوەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە بەرامبەر ڕێژیمی ئێراندا خەبات بکات».

بەڕێز هیجری لە درێژەی پەیامەکەیدا وتی: «حیزبی ئێمە نە بەم ڕووداوە دڵخۆشە و نە بە تەمای تەشەنەسەندنی زیاتری ئەم مەسەلەیە. هیوادارم کە پەکەکە و دۆستان و لایەنگرانی پەکەکەش هەر بەم شێوەیە بڕواننە مەسەلەی کورد و پێوەندییەکان و جێگە و پێگەی هەنووکەیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پەکەکە کە لە ساڵەکانی ڕابردووەوە بوونی هەبووە وەك خۆی بمێنێتەوە و ئەم ڕووداوە نەبێتە هۆی خەوشداربوونی ئەم پێوەندییانە.»

سکرتێری گشتیی حیزب هەروەها لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی «کەیهان» چاپی لەندەن ڕایگەیاند:» بەداخەوە سیاسەتی پەکەکە سیاسەتێکی خۆسەپێنەرانە و دۆگمە، پەکەکە خۆی بە خاوەنی هەموو کوردستان دەزانێت و پێی وایە کە دەبێ هەموو چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئەودا بێت. بەڕێزیان لە درێژەی ئەم وتووێژەدا ئاماژەی بەوە کرد کە:» پێشمەرگەکانی ئێمە بۆ هەر ئامانجێك کە بیانهەوێ دەچنەوە نێو خاکی کوردستانی ئێران. ئەوە بەشێك لە نیشتمانی ئێمەیە و ئێمە دەبێ بۆ بڕیاردان لە هەمبەر ئەم پرسە ئازاد بین کە لە سنوورەکاندا هەر چەشنە جموجۆڵێك کە بە پێویستی دەزانین جێبەجێی بکەین. خۆ هێزەکانی پەکەکە پاسەوانی سنوورەکانی ئێران نین کە بیانهەوێ کۆنترۆڵ و ئەمنیەتی سنورەکانی ئێرانیان بە دەستەوە بێت و پێیان وا بێت دەتوانن لە هۆکاری هاتوچۆکردنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یان ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بکۆڵنەوە».

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وێڕای ئاماژەدان بە هەوڵەکان بۆ کۆتایی هێنان بە ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانە هیواداریی خۆی دەربڕی کە: «ئەم هەوڵانە بە ئەنجام بگەن تاکوو بتوانین درێژە بە چالاکییە حیزبییەکانمان بدەین. ئێمە بە هیچ شێوەیەك حەزمان لە درێژەدان و پەرەسەندنی ئەم ئاڵۆزی و گرژییانە نییە. تەنانەت پێشمەرگەکانی ئێمە چەند کەس لە گەریلاکانی پەکەکەیان دەستبەسەر کرد و بە نیشانەی نیازپاکی هەر لەوێدا ئازادیان کردبوون. پێشمەرگەکانمان پێیان ڕاگەیاندوون ئێمە نامانهەوێ لەگەڵ ئێوەدا شەڕ بکەین و تەنیا دەمانهەوێ پرسەکان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێت و جارێکی دیکە تووشی دەرگیرییەکی نێوخۆیی لەم چەشنە نەبین».

## پەیڤ

فاتیح ساڵحی

٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، بە تەئکید ڕۆژێکی نابەدڵ و ڕەشە لە مێژووی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، چونکوو لەم ڕۆژەدا، زۆر ناڕەوا و بەدوور لە هەر پرەنسیپێکی ئێخلاقی و سیاسی، گرووپێکی چەند کەسی لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەپێی پلانێکی لە پێش داڕێژراو کەوتنە بەر دەسڕێژی فیشەکی دەیان گریلای پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە و بەداخەوە لە ئەنجامی ئەم پەلامار و هێرشەدا، کادرێکی حیزب شەهید و سێ پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون. بۆیە برین و ئازاری ئەم شەڕە داسەپاوە بۆ هەتاهەتایە وەك خاڵێکی ڕەشە لە کارنامە ی پەکەکەدا دەمێنێتەوە.

هەڵبەت هیوادارین دەسنیشان کردنی ڕۆژی یەکشەممە، ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی، هەتاوی کە هاوتەریبە لەگەڵ ڕۆژی دووشەممە، ٣ی جۆزەردانی ١٣٦١ و ئازاد کردنی خوڕەمشار لە لایەن سوپای پاسدارانەوە، بە هەڵکەوت بوو بێت و مەبەستێکی سەمبۆلیکی لە پشت نەبێ. چونکوو بەپێی لێدوانەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، لە ئەنجامی گرێبەستێکی سەربازیدا، ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پەکەکە ئەسپێردراوە و ئەم بابەتەش بۆ خۆی شك و گومان دەخولقێنێ.

بەهەر شێوە ئەم هێرش و پەلامارە ناسیاسیانەی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە لە نێوەڕۆکی خۆیدا هەڵگری چەندین پەیام و واتای جیاوازە کە لێرەدا بەهۆی کورتبوونی مەجالی ستوونەکە هەوڵ دەدەین تەنیا هێما بۆ چەن پەیامێکیان بکەین.

١- پەکەکە، بەداخەوە هێشتا وانەی لە ئەزموونەکانی ڕابردووی لە پێوەندی لەگەڵ دەسپێکی شەڕی براکوژیدا وەرنەگرتووە و هەردەم ئامادەیە بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراوەکەی و ڕاگرتنی دڵی هاوپەیمانانی و دوژمنانی کورد، شەڕ بە دژی هەموو پارچەیەکی کوردستان بکات.

٢- دەسپێکردنی ئەم شەڕە لە لایەن پەکەکەوە سەلماندنی کە نەبوونی ستراتژییەکی نیشتمانی و نەتەوەیی هۆکاری سەرەکییە بۆ قەیران، ئاڵۆزیی و نەبوونی هارمۆنیی سیاسی لە نێو سەرکردە و ڕێبەرانی ئەم ڕێکخراوەدا. (بەپێی هەواڵی هەندێ میدیا، مۆراد قەرەیلان بەرپرسایەتی ئەم هێرشەی خستبووە ئەستۆی جەمیل بایاك.)

٣- دژایەتی و نارەزایەتی هەموو حیزبە سیاسییەکان و کەسایەتی و ڕووناکبیرانی کوردستان، جگە لە یەك دوو ڕێکخراوی سیاسی کە دە ستکردی خودی پەکەکەن، سەلماندنی لە داهاتووی سیاسی کوردستاندا هێزە تاکڕەو سەرەڕۆکان مەترسییەکی جیددین بۆ دێموکراسی و سەقامگیری ئاشتی و ئاسایشی نەتەوەیی و کوردستان وەرگری ئەم هێزانە نییە.

٤- تا پێش لە دەسپێکردنی ئەم شەڕە براکوژییە لە لایەن پەکەکەوە، ئەگەر هەندێ کەس گومانیان هەبوو لە پێوەندی قووڵی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو ڕێکخراوە یە، بە هەڵایسانی ئەم شەڕە، ئەم شك و گومانە ڕەوییەوە و ئێستا هەمووان دەزانن کە کۆماری ئیسلامی و پەکەکە هاوپەیمانی یەکترن و بە فەرمی ئەم ڕێکخراوە لە بەرەی ئێران، سووریە و حیزبوڵڵادایە.

٥- پاش دژایەتی و پرۆتێستۆ کردنی ئەم کارە پەکەکە، لە لایەن هاونیشتمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاڵپشتیی هەمە لایەنەیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پەکەکە بە باشی بۆی دەرکەوت کە لە ساڵانی ڕابردوودا هەرچیەك سەرمایەگوزاری لەسەر «پەژاك» کردووە، هەوڵەکانی بە فیرۆ چووە و جوگرافیای سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هەبوونی حیزبی دێموکرات، گۆڕەپانی جەولە و مانۆڕی پەکەکە و هێزە دە ستکردە کانی نییە.

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، لە گەڵ بونیادی نەتەوەیی ئەمریکا بۆ دێموکراسی کۆبووە

مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردانێکدا بۆ ئەمریکا، لە گەڵ بونیادی نەتەوەیی ئەمریکا «نێد» کۆبووەوە. لەو کۆبوونەوەدا کە بە مەبەستی گۆڕینەوەی بیروڕا پێك هاتبوو، بەستێنە هاوبەشەکانی کارکردن، لێك درایەوە. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەدا ئامانجەکانی خۆی لە سەردانەکەی بۆ ئەمریکا شی کردەوە. بارودۆخی ناوچەکە، گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانە و نیگەرانییەکانی حیزبی دێموکرات لە مەڕ دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچەکە، بەشێك لە قسەکانی سکرتێری گشتیی لەو دیدارەدا بوون. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتی: بە باوەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێویستە هاوکارییەکی هەمەلایەنە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکە لە ئارادا بێت. هیجری لەو کۆبوونەوەدا وێڕای ئاماژە بە تیگەیشتنی گشتیی خەڵکی کورد لە دێموکراسی، وتی: بە خۆشحاڵییەوە هەبوونی هەندێك ڕێکخراوە وەکوو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە ئێراندا پێشان دەدات کە زۆربەی نەتەوەکانی ئێران لە سەر مانیفێستێکی هاوبەش سەبارەت بە داهاتووی ئێران هاودەنگن. هەروەها ١٤ حیزب و ڕێکخراوە لەو کۆنگرەیەدا سەرقاڵی کارکردن لە سەر مانیفێستێکی هاوبەشن. لەو کۆبوونەوەدا سکرتێری گشتیی حیزب، ئاماژەی بەوە دا کە سەرەڕای هەوڵی چڕوپڕ هێشتا ئۆپۆزسیۆنی ئێران یەکگرتوو نییە و بە تایبەت ئۆپۆزسیۆنی سەر بە نەتەوەی فارس نەتەنیا لە نێوخۆدا یەکگرتوو نییە، بەڵکوو ئەحزاب و ڕێکخراوەکانی باقی نەتەوەکانی ئێرانیان قەبووڵ نییە و ئامادە نین هاوکارییان بکەن. لەم دانیشتنەدا «باربارا هەیگ» لە لایەن بونیادی نەتەوەیی بۆ دێموکراسی کورتەیەك لە چالاکییەکانی خۆیانی باس کرد و باسی لە چۆنیەتی کارکردنی ئەو ڕێکخراوە کرد و کارکردە سەرەکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیەی بۆ شاندی حیزبی دێموکرات شی کردەوە. هەیگ لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەزموونەکانی نێدی کرد لە گەڵ نموونە هاوچەشنەکان و وتی: لە چەند شوێندا کە ئەوان هەتا ئێستا کاریان کردووە وەکوو چین، ئەمە دیاردەیەکی بەرچاوە کە ئەو چالاکانەی مافی مرۆڤ و دێموکراسیخواز سەر بە نەتەوە سەردەستەکان ئامادە نین چالاکانی نەتەوە بندەستەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ قەبوول بکەن و لە گەڵیان کار بکەن و پێیان دەڵێن کە ئەمانە جیاییخوازن. هەیگ وێڕای بە گرینگ وەسفکردنی کاری کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، باسی لەوە کرد کە ئەو هەوڵە و هەوڵی لەو چەشنە بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی بنەڕەتی لە دێموکراسی و داهاتووی وڵات زۆر گرینگە و کەس ناتوانێت هیچ کەس بە بیانووی شێوازی خەبات و خەباتی لەوە بێبەش بکات کە بەشداری بکات لە گەیشتن بەو تێگەیشتنە. هەیگ وتی تەواوی ئەو کەسانەی کە بۆ داهاتوویەکی دێموکرات لە ئێراندا هەوڵ دەدەن، پێویستە دەنگێکیان هەبێت لەو تێگەیشتنە بنەڕەتییەدا. لە کۆتایی دا هەردوو لایەن جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە کە پێویستە ئەو پێوەندییانە بەردەوام بن و لە ئاکامدا بەستێنێکی هاوبەش بدۆزرێتەوە کە بکرێت تەواوی ئەو لایەنانەی کە بۆ دێموکراسی تێدەکۆشن هەوڵ بدەن پێکەوە کار بکەن.

## ڕاگەیەندراوی کومیسیۆنی سیاسی نیزامیی حدکا لە بارەی شەهیدبوونی قادر کەریمی

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان
ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەرییەکان
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بۆ ئاگاداری هەموو لایەك ڕادەگەیەنین کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە مەئمووریەتێکی حیزبی بەرەو ناوچەی شنۆ دەچوون، لە لایەن چەکدارانی پ کەکەوە هەڕەشەیان لێ کرا کە نابێ بەرەو کوردستانی ڕۆژهەڵات بچن و نابێ لەو ناوچەیە بمێنیتەوە، بە پاساوی ئەوەی کە گوایا ئەو ناوچەیە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دایە و کەس بۆی نییە لەوێ بێ. پاش ئەم هەڕەشەیە پێشمەرگەکانی حیزب بەرپرسانی سەرەوەی خۆیان لەم وەزعیەتە ئاگادار کردەوە، دەست بەجێ بەرپرسانی حیزبیش بۆ ئەوەی ڕووداوێك ڕوو نەدا لە ڕێگای جوراوجۆرەوە پێوەندییان بە بەرپرسانی PKK وە گرت، کە کێشەیەکی لەم جۆرە لە لایەن چەکدارانی ئەوانەوە هاتووەتە پێش و داوای چارەسەرییان لە ڕێگای وتویژەوە لێی دەکرێ. بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی pkk وەڵامی ئەرێنیان بەم داوایە نەدایەوە، و ئەوانیش بە زمانی هەڕەشە وەڵامی ئەم داواکارییە بەرپرسانەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دایەوە. لە ئاکامی ئەم سیاسەتە هەڵەیەدا ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٣٩٤/٣/٣ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٥/٥/٢٤ی زایینی چەکدارانی pkk هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکانی حیزب لە بناری چیای شاکێو لە ناوچەی برادۆست و لە ئاکامی ئەم هێرشە دوژمنکارانەیەدا کە بەپێی زانیارییەکانی ئێمە لە ژێر فەرمانی فەرماندەکانی سپای پاسدارنی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەچوو، کادرێکی بەوەجی حیزب بە ناوی هاوڕێ قادر کەریمی شەهید و ٣ پێشمەرگەش بریندار دەبن. هاوڕێ قادر کەریمی کوڕی محەممەد لە ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە شاری نەغەدە لە دایك بوو و هەتا پلەی دیپلوم دەرسی خوێندوە و لە ساڵەکانی ١٣٧٦ هەتا ساڵی ١٣٨١ وەك ئەندامی نهێنیی حیزب ئازایانە تێکۆشانی بووە و لەو ساڵەوە دەکەوێتە ژێر گوشار و چاودێریی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و پەیوەست بە ڕێزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەبێ. شەهید قادر، کوڕێکی ئاگا و وشیار و بە نەزم بوو و ئامادەیی ئەنجامدانی هەر مەئموریەتێکی حیزبیی هەبوو چ ئەوکات وەك ئەندامی نهێنی لە نێوخۆی وڵات کاری دەکرد و چ کاتی بوونی بە پێشمەرگە. پێویست بە وتنە لە کاتێکدا کە چەکدارانی pkk زۆر دڕندانە هێرشیان بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزب دەست پێ کردبوو، پێشمەرگەکانی حیزب، ٢ چەکداری ئەوانیان بە دیل گرتبوو کە هەر لەوێ بە چەك و ڕەختەکانیانەوە ئازاد کران. کۆمسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ دەربڕینی ئەو پەڕی داخ و کەسەری خۆی بۆ شەهیدبوونی هاوڕێ قادر کەریمی، سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێ و لە هەمان کاتدا هیوای چاکبوونەوە بۆ برینداەکانی ئەو شەڕفرۆشییەی چەکدارانی pkk دەخوازێ کە ناکرێ ئەم کردەوەی pkk بێجگە لە کردەوەیەکی تاوانبارانە کە خزمەت بە دوژمنانی گەل و نیشتمان دەکا، هیچ ناوێکی دیکەی لە سەر دابنرێ. ڕۆحی شەهید قادر کەریمی شاد و ڕێگای وەدیهێنانی ئاواتەکانی پڕ ڕێبوار بێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کومسیۆنی سیاسیی نیزامی
١٣٩٤/٣/٣
٢٠١٥/٥/٢٤

## پەیامی بەڕێز مستەفا هیجری بۆ خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان

لە تەلەفیزیۆنی <>ڕۆژهەڵات>>ەوە سڵاو دەنێرم بۆ هەموو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دەمەوێ لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلەی ئەو ڕووداوەی کە لە کوردستان هاتۆتە پێشێ و شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەریلاکانی پێ کەکە ڕووی داوە، چەند خاڵێکتان بخەمە بەر نەزەر. هەموو لایەك دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکی شەڕخواز نەبووە و ئێستاش حیزبێکی شەڕخواز نییە. ئێمە هیچ لایەنێك بە دوژمنی خۆمان نازانین بێجگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەموو کار و تێکۆشانی ئێمە لە پێوەندی لە گەڵ زەربە لێدان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران و کار کردن بە دژی ڕێژیمی جمهووری ئیسلامیی ئێرانە بە مەبەستی دیفاع لە مافە پێشێل کراوەکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. لەو ڕووداوەشدا ئەو خەبەرانەی بە من گەیشتووە، هاوڕێیانی ئێمە لە مەنتەقەدا هەموو هەولی خۆیان داوە کە لە خاکی خۆیاندا، لە مەنتەقەی خۆیاندا هاتوچۆ بکەن، بیانهەوێ لە گەڵ خەڵکی خۆمان پێوەندی بگرن، بەڵام بەداخەوە پەکەکە پێشیان پێ گرتوون و لە ڕاستیدا مانع بوونە لەوەی کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مەنتەقەدا هاتوچۆ بکەن. ئێمە هیواداریـن کە ئەو بەرنامەیە، بەرنامەی گشتیی ڕێبەرایەتیی پەکەکە نەبێ و هەڵەیەك بێ کە لە لایەن بەرپرسانی ئەو مەنتەقەوە ڕووی دابێ، چونکە ئەگەر ئەوە نەبێ، ئەو ئیقدامە و ئەو بەرنامەی پەکەکە دەچێتە خانەی یارمەتیدان بە دوژمنان، بە بەهێزترین و بە زاڵمترین دوژمنی کورد لە مەنتەقەدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەمن پێم وایە کە ئێمەی کورد دەبێ لە مێژوو فێر بین کە ئەگەر لە گەڵ یەکتری کێشەیەکمان بۆ هاتە پێشێ، بتوانین لە ڕێگای دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتی و دۆستانەوە بتوانین چارەسەری بکەین، چونکە ئێمە بەرژەوندیمان، قازانجمان هەمووی پێکەوە بەستراوەتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران، یان دوژمنانی دیکە ڕەنگە بۆ ماوەیەك لە یەکێکمان ئیستفادەی کردبێ بە دژی ئەوی دیکە، بەڵام لە واقیعدا دەبێ دۆست و پشتیوانی یەکترین، بە تایبەت لەو دۆخە ئاستەمە سیاسییەدا کە لە مەنتەقەدا هاتۆتە پێشێ. من داوا لە هەموو چین و توێژەکانی کوردستان دەکەم بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی کوردستان کە بە نسیبەت ئەو شێوە سیاسەتەی کە پەکەکە گرتوویەتە پێشێ، بێ دەنگ نەبن و هێزی خۆیان و توانای خۆیان لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان دەکرێ، بخەنە سەر پەکەکە کە لەو شێوە سیاسەت و ڕەفتارانەی کە لە گەڵ حیزبە سیاسییەکانی کورد لە بەشەکانی کوردستاندا بەکاری دێنێ، پاشگەز بێتەوە و لە باتی دوژمنایەتی و هەولدان بۆ تەزعیف و لاوازکردنی لایەنەکانی دیکەی کوردی، هەول بدات لەو هێز و توانایەی کە هەیەتی بە قازانجی نەتەوەیی گەلی کورد و باقی حیزبە سیاسییەکان کە لە خزمەتی ئامانجی خەڵك دان، کەڵك وەر بگرێ. ئێمە هیوادارین کە ئەو کێشەیە پەرە نەگرێ و ئێمە لە لایەن خۆمانەوە نە دڵخۆشین بەو مەسەلەیە و نە لە هەولی ئەوە داین کە ئەو مەسەلەیە پەرە پێ بدەین و هیوادارم کە پەکەکە، دۆستانی پەکەکە هەر لەو ڕێگایەوە و هەر بەو شکڵە کەڵك وەرگرن لە مەوقەعییەتەکە و ئەو پێوەندییە کە لە نێوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پەکەکە لە ساڵانی ڕابردوودا بووە، هەر لە جێگای خۆیدا بمێنێتەوە و ئەو مەسەلەیە و ئەو ڕووداوە خەوشداری نەکات. داوام ئەوەیە کە خەڵك لە سەرخۆ بن، ئارام بن و لە واقیعدا کارێك نەکەن کە دوژمنانمان لەوە زیاتر پێمان دڵخۆش بن لەو مەوقعیەتە حەساسەدا. ئەرکی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا بە یەکگرتوویی و پشتی یەکتر گرتن و ڕوو لە دوژمن کردنە کە ئێستا بەهێزترین و گەورەترین دوژمنی گەلی کورد لە هەموو بەشەکاندا کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەم و داوای یەکگرتوویی و هاوپشتیوانیتان لێ دەکەم بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باقی هێزە سیاسییەکانی کورد کە لە ڕاستای قازانج و بەرژەوندیی نەتەوەیی هەنگاو هەڵدەگرن و فیداکاری دەکەن.

زۆر سپاستان دەکەم

## ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات لە هەمبەر هێرشەکانی پ ک ک بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزب

خەڵکی مافخوازی کوردستان!

ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان!

کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان!

دوای چەند ڕۆژ هەوڵ و چالاکیی چەندین لایەنە بۆ دانیشتن و دیالۆگ لە گەڵ سەرکردایەتیی pkk بۆ ئەوەی تووشی ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێن نەبین و گرفت و کێشەیەك کە لە نێواندا هەبوو بە لێك تێگەیشتن و دیالۆگ چارەسەری بکەین، pkk فەرمانی بە هێزەکانی کرد کە هێرش بکەنە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەداخەوە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە٣ی جوزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٥/٥/٢٤ی زایینی هێزەکانی pkk تەقەیان لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و شەڕی نەخوازراو لە گەڵ هێزێکی کوردیی بەسەردا سەپاندووین. بەپێی هێندێك زانیاری، هێزەکانی سپای پاسدارنی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە مۆڵ دراون و ئەگەری زۆری تێکەڵبوونی هێزەکانیان لە گەڵ هێزەکانی pkkدا هەیە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

ئەو شەڕە نەخوازراوە دەکرا بە ڕێگای سیاسی و لۆژیکییەوە خۆی لێ لا بدەین و دەستە و یەخە لە گەڵ هێزیك نەبین کە ئەرکی ئەو ڕزگاریی بەشێکی دیکەی کوردستانە و ئێمە کە بە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەین، ئەوان نەکەونە ئەو نێوە و ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکدا نەچن کە ئەوان ببنە سپەر و قەڵغان بۆ هێزی پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوپەڕی بەداخبوونی خۆمان بۆ ئەو کردەوە دزێوەی pkk ڕادەگەیەنین کە دەچێتە خانەی خیانەت بە خەباتی کوردەوەو ئەوەش ڕادەگەیەنین نە دەسپێکەری شەڕ بووین و نە خوازیاری درێژە کێشانی ئەو ناخۆشی و شەڕەین و داواکارین کە ڕێبەرایەتیی pkk پەنا بباتە بەر مەنتق و لۆژیکی سیاسی و نەتەوەیی و دەست لەو ڕێگا هەڵەیە گرتوویەتی بەر، هەڵگرێ.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە هەموو بەشەکانی کوردستان!

ڕێکخراو و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان!

داواتان لێ دەکەین کە بە هەر ڕێگایەك بۆتان دەکرێ وێڕای مەحکووم کردنی ئەو شەڕفرۆشییەی PKK ، هەوڵ بۆ گۆڕینی هەڵوێستی ناکوردانەی ڕێبەرایەتیی PKK بدەن و هەموومان چەکی خەبات و شۆڕشمان ڕوو لە دوژمنانی گەل بکەین نەك ڕوو لە یەك. هەر جۆرە زانیارییەکی دیکە لە پێوەندی لە گەڵ ئاکامی شەڕ و تێکهەڵچوونەکە و ئاکامی هەوڵە سیاسیی و پێوەندییەکان بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە، ڕای گشتیی لێ ئاگادار دەکەینەوە. بەڵام وێڕای هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی نەتەوەیی و سیاسیی و ئاشتیخوازانەمان، هەموو لایەك دڵنیا دەکەینەوە کە تەسلیمی گوشار و هەڕەشە و خۆسەپێن نابین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسیی
٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی
٢٤ی مەی ٢٠١٥ی زایینی

## مستەفا هیجری لە لایەن چەندین ئەندامی کۆنگرەی ئامریکا پێشوازی لێکرا



ڕێکەوتی ١٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی چالاکییەکانی لە وڵاتی ئامریکا،سەردانی کۆنگرەی ئەو وڵاتەی کرد و لە لایەن چەندین ئەندام کۆنگرەوە پێشوازی لێکرا. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە چەندین چاوپێکەوتنی جیاواز لە گەڵ چەندین ئەندام کۆنگرەی ئامریکا، داوای لە گەلی ئامریکا کرد، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات لە خەبات دژی ڕێژیمی ئێران، تەنیا نەهێڵن و یارمەتیدەری بن. سکرتێری گشتیی حیزب لە یەکەمین چاوپێکەوتنیدا لە کۆنگرەی ئامریکا، لە گەڵ ئەندام کۆنگرە «ستێڤ کینگ« کۆبووە و لە لایەن ئەو ئەندام کۆنگرێسەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا. هەروەها هیجری لە گەڵ «برێد شێرمەن»، «دەینا ڕۆراباکیر» و دەفتەری کۆنگرێسمەن «تام مارینۆ» چاوپێکەوتنی کرد. لەو چاوپێکەوتنەدا هیجری ئامانجی سەردانەکەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بۆ نوێنەرانی گەلی ئامریکا ڕوون کردەوە و لە سەر بارودۆخی ناوچەکە لە گەڵیان ئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد. سکرتێری گشتیی حیزب باسی لەوە کرد، ئەوەیکە بووەتە هۆی ئەوە، سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە هەمبەر عێراقدا نەتوانن زۆر سەرکەوتوو بن دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکەیە و ئاشکرایە، ڕێککەوتن لە گەڵ ئێران لە سەر کێشە ناوکییەکەی، دەستی ئێران بۆ درێژەدان بە ڕۆڵە تێکدەرانەکەی زیاتر ئاوەڵا دەکات. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، هەروەها ڕەخنەی لە تێگەیشتنی ڕۆژئاوا لە هەمبەر ئێران گرت و وتی، ئەو ئەزموون و ناسینەی کە ئێمە لە ئێران هەمانە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئێران ناتوانێت هەڵسوکەوتی بگۆڕێت و تەنیا ڕێگا بۆ گەیشتن بە سەقامگیری لە ناوچە، گۆڕانی ڕێژیم لە ئێرانە. هیجری ئاماژەی بەو هەلەی کە داعش بۆ دەستێوەردانی ئێران لە ناوچەکەدا پێکی هێناوە وتی، ئەگەر قووڵتر چاو لە کێشە و باری جوغرافی تێکهەڵچوونەکان بکەین، تێدەگەین کە داعش لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێران هیچ دژایەتیێکی بنەڕەتی نیە. ناوبراو هەروەها وتی، داعش بەو کارانەی کە دەیکات نەتەنیا خۆی خەریکە باری دیمۆگرافی عێراق لە دژی سوونە و لە بەرژەوەندی شیعەکان دەگۆڕێت، بەڵکوو هاوکاتیش لە گەڵ حەشدی شەعبی لەو ئاراستەیەدا هەنگاو دەنێن. لە درێژەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات باسی لەوە کرد، کوردەکان لە ئێران بەشێکی بەرچاو لە حەشیمەتی ئێران پێك دێنێن کە هاوڕێ لە گەڵ نەتەوەکانیتری ئێراندا بە توندی لە ڕێژیمی ئێران نارازین و لە هەر هەلێك کەڵك وەردەگرن تا دەنگی خۆیان بە دژی ئیستێبداد هەڵ بڕن. هیجری لە درێژەی وتەکانیدا، ئاماژەی بە داواکاریی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران کرد و وتی، سیستمێکی فیدڕاڵ لە ئێراندا دەتوانێت هەم لە بەرژەوەندی نەتەوەکانی ئێران بێت و هاوکاتیش دەتوانێت وەدیهێنەری ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکە بێت، لە بەر ئەوەی ئێران گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە و دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا. ئەندامانی کۆنگرەی ئامریکا، هاتن و دیداری مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، بۆ وڵاتی ئامریکایان بەرز نرخاند و باسیان لەوە کرد کە ئەمە هەلێکە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گوێیان لە خواست و داواکاری گەلانی ئێران بێت. کۆنگرێسمەن «ستێڤ کینگ» وێڕای ئەوەیکە گەلی کوردی لە ناوچەکە بە دۆستێکی جێگەی متمانەی ئامریکا ناساند وتی: کورد ئێستا پێویستی بە یارمەتی ڕاستە و خۆی ئێمە هەیە و ئێمە پێمان وایە کە پێویستە کوردەکان یارمەتی بدرێن، بۆ ئەوەیکە لەماڵی خۆیان لە دژی داعش پارێزگاری بکەن. هەروەها ئەندام کۆنگرە کینگ، ئاواتی خواست کە گەلی کورد لە ئێراندا بتوانن ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسێت کە بۆ دێموکراسی تێ بکۆشن و بتوانن ئاواتەکانیان بەدی بێنن. لە درێژەی ئەم چاوپێکەوتنانەدا، ئەندام کۆنگرە برێد شێرمەن کە خۆی لە دێموکراتەکانی ئەمریکایە، نارەزایەتی خۆی لەو ڕێککەوتنەکەی گرووپی ١+٥ لە گەڵ ئێران دەربڕی و وتی: ئەگەرچی لە کورتخایەن، ئاوەها ڕێککەوتنێك دەتوانێت هەندێك سوودی هەبێت، بەڵام لە درێژخایەندا، هەمووی هەر زیان دەبێت. شێرمان هەروەها وتی، ئەگەر ئەو ڕێککەوتنێك ئەنجام بدرێت، ئەوە بۆ ماوەییەك دوای ڕێککەوتنەکە ئەمریکا تێدەگات کە ئێران هەڵسوکەوتی خۆی ناگۆڕێت. ئەندام کۆنگرە «دەینا ڕۆراباکێر»جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، ئەو زۆر خۆشحاڵە کە گەلی کورد بۆ ئازادی خۆی تێدەکۆشێت و وێڕای ئەوەیکە ڕەخنەی لە کەمبوونی یارمەتی بۆ گەلی کورد کرد وتی: من وەکوو ئەمریکاییەك دەڵێم کە ئامریکاییەکان دەبێت پالپشتی هەرکەسێك بن، کە لە دژی ئێستێبدادا شەڕ دەکات. ناوبراو وتی، خۆی هەموو کاتێك لە پشتی ئازادیخوازەکان بووە و ئەمجارەش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تەنیا ناهێڵێت و پشتی دەگرێت.

## جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات سەردانی بنەماڵەی شەهید قادر کەریمی و بریندارەکانی کرد

ڕێکەوتی ٥ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی بنەماڵەی شەهید قادر کەریمی لە ناوەندی ٣ی کوردستان کرد. شەرەفی لە سەردانی بنەماڵەی شەهید قادر، هیوای سەبووریی بۆ بنەماڵەی ناوبراو و بەتایبەت باوك و منداڵان و خێزانی ئەو شەهیدە خواست و خۆی بە شەریکی خەمیان زانی. هەروەها بەڕێز حەسەن شەرەفی لە نەخوشخانە، بریندارەکانی شەڕی داسەپاوەی پەکەکەی بەسەر کردەوە. جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات هیوای چاکبوونەوەی بۆ بریندارن خواست و هێوای خواست جارێکی دیکەی ڕۆڵەی کوردی بە دەستی کورد بریندار و شەهید نەبێ.

## شاندێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات سەردانی بریندارەکانی شەڕەکەی پەکەکەی کرد

ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕێوڕەسمی بە خاك سپاردنی شەهید قادر کەریمی بەشداریی کردبوو، سەردانی پێشمەرگە بریندارەکانی کرد. لەو سەردانەدا شاندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بۆ بریندارەکان خواست و ئیرادە و ورەی ئەو پێشمەرگانەی بەرز نرخاند.

## لە ئاڵمان سکرتێری گشتیی حیزب، لە کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزبدا بەشداریی کرد

ڕێکەوتی ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان کۆبونەوەیەکی بۆ بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، بە بەشداریی ئەندامانی حیزب پێك هێنا. بەڕێز هیجری لە قسەکانیدا بە وردی پڕژایە سەر پرسیی ناوکیی ئێران و ڕێککەوتنی وڵاتانی ١+٥ و ئاکامەکانی و هەوەها بارودۆخی ئێران، پارچەکانی دیکەی کوردستان و پرسی یەکگرتنەوە لە گەڵ هاوڕێیانی پێشوو، بە وردی بۆ ئەندامانی حیزبی شیکردەوە.

لەو کۆبوونەوەدا مستەفا هیجری گوێی بۆ پێشنیار و ڕەخنەی ئەندامانی حیزب ڕاگرت و بە وردی وەڵامی پرسیارەکانی دانەوە.

## شاندێکی یەکیەتیی پارلمانتارانی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی کرد

ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی یەکیەتیی پارلمانتارانی کوردستان بە سەرپەرستیی نیعمەت عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەو یەکیەتییە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی پێشوازیی لێ کرا. ئەو سەردانەی یەکیەتیی پارلمانتارانی کوردستان تایبەت بوو بۆ باسکردن لە سەر هێرشی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

یەکیەتیی پارلمانتاران ڕایگەیاند: پ‌ك‌ك ئامادەیی خۆی بۆ دانیشتن لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕیوە.

شاندی حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران وێڕای دەربڕینی سپاس لە هەوڵەکانی یەکیەتیی پارلمانتانی کوردستان ڕایگەیاند: حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە ئاشتی و دیالۆگ بوو، ئێستاش کە هەر جێگایەك کە حکوومەت و پارلمانی هەرێمی کوردستان دیاری بکات ئامادەی دانیشتن دەبین، بە مەرجێك بەرژەوەندیی هەموو لایەك بپارێزرێ.

## شاندێکی هاوبەشی دوو پارتی باکووری کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسییان کرد

ڕێکەوتی ٢ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی هاوبەشی دوو پارتی باکووری کوردستان، بە سەرپەرستیی بەڕێز مەسعود تەك، سکرتێری گشتیی حیزبی سوسیالیستی باکووری کوردستان و نیزامەدین تاج (بوتان) سکرتێری گشتیی پارتی وڵات پارێزی باکووری کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکرات، بە سەرپەرستیی حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، پێشوازییان لێکرا.

لەو سەردانەدا شاندی هاوبەشی دوو پارتی باکووری کوردستان لە سەردانەکەیاندا بە پەرۆش بوونی خۆیان لە سەر ئەو وەزعەی لە پێوەندی بە هەڵسوکەوتی گریلاکانی پە.کە. کە لە هەمبەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتووەتە ئاراوە دەربڕی. لەو پێوەندییەدا، حەسەن شەرەفی ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە ڕای هاوڕێیانی پارتی سوسیالیستی باکوور و پارتی وڵات پارێزی باکوور خستە ڕوو و وێڕای سپاس لە هەڵوێستی برایانە و دۆستانەیان، لە سەر سیاسەتی حیزب و ڕوانینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکان و چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی لە ڕێگای وتووێژەوە کرد. لە درێژەدا شەرەفی هیوای خواست هاوڕێیانی پە.کە. سیاسەتێك بگرنە پێش لە خزمەتی ئەو دۆستایەتیەدا بێ و زیان بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد نەگەیەنن.

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ فراکسیۆنی سەوزی پارلمانی ئاڵمان کۆبووەوە



ڕێکەوتی ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە درێژەی دیدارەکانیدا لە وڵاتی ئاڵمان، لە گەڵ فراکسیۆنی پارلمانیی پارتی سەوزی ئاڵمان کۆبوونەوە. سکرتێری گشتیی حیزب لە گەڵ هیوا بەهرامی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان، لەلایەن دوکتور فریتیۆت شمیدت جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی سەوزی ئاڵمان و مارتین ویلك ڕاوێژکاری ئەو فراکسیۆنە پێشوازیی لێ کرا. لەو چاوپێکەوتنەدا مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزب، کۆمەڵێك بابەتی گرینگی پێوەندیدار بە کوردستان و ئێران و ناوچەکەی خستە بەر باس. سەبارەت بە بارودۆخی ئێران. هیجری ئاماژەی بە بارودۆخی سیاسی و ئابووریی کوردستان و بە تایبەت سیاسەتی توندوتیژی و هەڵاواردنی ڕێژیمی لە مەڕ گەلی کورددا و وتی: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە هەتا ئێستا توندترین سیاسەتی بەرانبەر بە گەلی ئێمە گرتووەتە بەر، ئەمە لە کاتێك دایە کە خەباتی ئێمە بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەوا نەتەوەیی و چەسپاندنی دێموکراتی لە وڵات دایە. هیجری وتیشی: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیمێکە کە زەرفیەتی ئاڵوگۆڕی ئەرێنی و ڕیفۆرمی تێدا نییە و ئاڵوگۆڕەکانی دەوڵەتە یەك لە دوای یەکەکان تەنیا ڕواڵەتییە. وەك نموونەش باسی هەموو ئەو بەڵێنانەی ڕووحانی کرد کە پاش هەڵبژاردنی تەنانەت یەك بەڵێنیشی لە پێوەندی لە گەڵ مافی کەمایەتییە ئێتنیکی و ئایینیەکانی ئێرانی بە جێ نەگەیاند. لە درێژەی قسەکانیدا سکرتێری گشتیی حیزب باسی بەرخۆدانی بەردەوامی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کرد و وتی: کوردی ڕۆژهەڵات وێڕای هەبوونی زەبر و زەنگی بێ سنووری ڕێژیم، لە هەموو دەرفەتێکدا نارەزایەتی و دژایەتیی خۆیان بە ڕێژیم نیشان دەدەن و لە تازەترین سەرهەڵدانیشدا لە چەند شاری کوردستان و بە تایبەت لە شاری مەهاباد، هێزە سەرکوتکەرکانی ڕێژیم بە دەیان کەسیان بریندار کرد و دەیانی دیکەشیان زیندانی کردووە. هیجری هەروەها وتی: ئێمە وەك حیزبی دێموکرات هیوادارین کە ئەحزابی دۆستمان لە ڕۆژئاوا و بە تایبەت پارتی سەوز، بەرانبەر بە گیرانی ئەو خەڵکە هەڵوێستیان هەبێت و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆیان دەنگونجێت هەوڵی ڕزگارکردنیان بدەن. دواتر د. شمیدت وێڕای دەربڕینی خوشحاڵیی خۆی بو ئەو چاوپێکەوتنە، وتی: ئێمە وەك پارتی سەوزی ئاڵمان هەر دەم خۆمان بە دۆستی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان زانیوە و داواکاریەکانیان بە ڕەوا دەزانین و چەندیش بۆمان بکرێت، پشتگیریان دەکەین. لە درێژەی قسەکانیدا د. شمیدت وتی: ئێمەش دەزانین کە پاش هاتنە سەرکاری ڕووحانی لە ئێراندا، هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنیی لەو وڵاتەدا ناهاتووەتە ئاراوە. ناوبراو وتی: بە گشتیی لە نیزامی توتالیتێر، یان دیکتاتۆریدا چاوەڕوانی ریفۆرم لە «خەیاڵ» زیاتر نییە. د. شمیدت سەبارەت بە دانووستانەکانی نێوان ١+٥ لە گەڵ ئێران وتی: هیوادارین بتوانین بە ئاکامێك بگەین کە نەهێڵین ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات. بەڵام ئەگەر ئەو کێشەیەش چارەسەر بکەین، چەندین کێشەی دیکەش دەمێنن و لەوانە هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە گەڵ خەڵکی ئێران و سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا کێشەی سەرەکین و ئێمەش ناتوانین چاوپۆشیی لێ بکەین. لە کۆتاییدا شاندی هەر دوو لا لە سەر هەرچی زیاتر پتەوکردنی پێوەندییەکانیان هەروەها گۆڕینەوەی زانیاری و ڕا و بۆچوون پێداگرییان کرد.

## لە ئاڵمان سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، یادی شەهیدانی میکۆنۆسی بەرز نرخاند

ڕێکەوتی ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەڕێز مستەفا هێجری سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێ لە گەڵ شاندێکی یاوەری، سەردانی مێنۆمێنتی شەهیدانی میکۆنۆسی لە برلین پێتەختی وڵاتی ئاڵمان کرد. مستەفا هێجری لە سەردانێکدا بۆ بەردەم «ڕێستۆرانی میکۆنۆس»، دەستەی گوڵی ڕێز و وەفای لە سەر مێنۆمێنتی ئەو شەهیدان، دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە ئورووپا و هۆمایۆن ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان» و دوکتور نووری دێهکوردی دۆستی حیزب دانا و یاد و ڕێبازی شەهیدانی حیزبی دێموکرات و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستانی بەرز نرخاند.

## ڕوونکردنەوەی کومیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکرات

بەپێی بەیاننامەیەك کە فەرماندەی قەرارگای ناوەندیی بەرگریی گەل ڕایگەیاندووە، بە داخەوە گەریلایەکی سەر بەو ناوەندە لە ناوچەی کزلکنت لە دەوروبەری شاری سەڵماس، کەوتووەتە بەر تەقەی کەس، یان کەسانێکی نەناسراو و گیانی لە دەست داوە، کومیسیۆنی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کوژرانی هەر تێکۆشەرێکی کورد بە دەستی هەر کەس و لایەنێك مەحکووم دەکات و ڕایدەگەیەنین کە هیچ تیمێکی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو ناوچەیە بوونی نییە و ئەو کردەوانە پیلانێکەکە بێ گومان دەستی دوژمنانی کوردی لە پشتە و بەم چەشنە دەیانهەوێ لە نێوان هێزە کوردییەکاندا دوړدۆنگی و ناتەبایی دروست بکەن. پێویستە هەموو لایەکمان وریای ئەو جۆرە پیلانانە بین و نەکەوینە داوی پیلانگێڕیی دوژمنانەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی
٣٠ی مەی ٢٠١٥ زایینی
٩ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی

## شاندێکی پارتی دێموکراتی کوردستان سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد

ڕێکەوتی ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستیی «کاکەمین نەجار» ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی ئەو پارتە لە پارێزگای هەولێر، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لە لایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرەستیی حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی پێشوازیی لێکرا. لەو دیدارەدا، دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و پرسی کورد باسی لێکرا و لەو بارەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا. هەروەها لەو هاودیتنەدا، بە وردی پێگەی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان ـ عێراق لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە، پرسە پێوەندیدارەکان بە شەڕی داعش و کۆمەڵێك پرسی دیکە باسیان لێوە کرا. لە کۆتاییی ئەو دیدارە هەر دوو لایەن لە سەر بەردەوامبوونی پێوەندییەکان جەختیان کردەوە.

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، سەردانی دەفتەری سێناتۆر جان مەککەینی کرد

ڕێکەوتی ١٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،سەردانی دەفتەری سیناتۆر جان مەککەین، سیناتۆری کۆماریخوازەکانی ئەمریکای کرد. مستەفا هیجری لەو سەردانەدا مەسەلەی گەورەیی مەترسیی ڕێژیمی ئێرانی بۆ بەرژەوەندیی هەموو لایەك، دووپات کردەوە و بە گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای ئاشتی و دێموکراسی لە ناوچەکەدا لە قەڵەم دا و وتی: لابردنی کۆسپی کۆماری ئیسلامی، پێویستیی بە هاوکاریی هەمەلایەنەیە و بە تەنیا بۆ یەك هێز جێبەجێ ناکرێت. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتی: پێویستە جیهان لە ڕۆڵی تێکدەرانەی ئێران و ئەو سەرچاوانەی کە لە ئاکامی ڕێککەوتنی ناوکی بە دەستی دەکەون، ئاگادار بێت و بزانێ کە خەڵکی ئێران کەمترین قازانج لەو ڕێککەوتنە وەرناگرێت. هیجری لە سەر روانینی هەندێك کەس کە پێیان وایە خەڵکی ئێران لە بارودۆخی ئەو وڵاتە ڕازین، وتی: خەڵکی ئێران بە گشتیی و نەتەوەکانی بە تایبەتی، لە دۆخی ئێران زۆر ناڕازین و گەلانی ئێران لە هەر دەرفەتێك بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی خۆیان کەڵك وەردەگرن و کپ‌کردنی دەنگی خەڵکی ناڕازیی ئێرانیش بە مانای ڕەزایەتی ئەو خەڵکە لە دۆخەکە نییە. سکرتێری گشتیی حدکا ڕایگەیاند: نەتەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی، توانای بەرەنگاریی لە گەڵ ڕێژیمی ئێراندا هەیە، بەڵام بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەو خەباتە پێویستیی بە هاوکاریی هەموو لایەك هەیە. مستەفا هیجری لەو سەردانەدا وێڕای ئاماژە بە مێژووی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بارودۆخی خەباتی نەتەوەی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات شی کردەوە. هیجری لەو سەردانەی دەفتەری جان مەککەین لە وەڵامی پرسیاری نوێنەرانی ئەو دەفتەرە لە بارەی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق، وتی: تەنیا ڕێگای ئارامی و ئاسایشی عێراق و سەقامگیربوونی ئاشتی لەو ناوچەیە، نەمان و ڕووخانی ریژیمی ئێرانە. ئەو ڕێژیمە نێشانی داوە بە هیچ شێوەیەك هەڵسوکەوتی خۆی ناگۆڕێ و ئامادەبوونی لە سەر مێزی دانووستان، بە مانای پاشگەزبوونەوەی ڕێژیمی ئێران لە دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی نییە. هەروەها کاك مستەفا هیجری لە واشینگتۆن، سەردانی دەفتەری ڕێکخراوی چاوەدێریی مافی مرۆڤ لەو شارە کرد و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران خستە بەر باس. سەرکوتی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران و پەرەسەندنی زیاتری زوڵم و زۆر، بەشێك لەو بابەتانە بوون کە لە سەردانی دەفتەری ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ باسیان لێکرا.

# وتووێژی حەوتوونامەی Jungle Wordی ئاڵمان، لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



وتووێژ: جاناتان ویکرلە

له ماوەی پێشـــوودا له چەند شاری کوردســـتانی ئێراندا خەڵـــک ڕژانه ســـەر شـــەقامەکان و نائارامی هاتە ئـــاراوە. ڕێژیمی ئێران هەر پاش هاتنە ســـەر کاری، کوردســـتانی ئیرانـــی میلیتاریزە کردووە. مســـتەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە، ئەو حیزبەی ساڵی ١٩٤٦ زایینـــی دامـــەزراوە و لەلایەن خومەینینیەوە بە حیزبی شەیتان ناودێر کرابوو. دوو لـــە ڕێبەرانی ئەو حیزبە لەلایەن دەزگای ئەمنیەتیی کۆماری ئیســـلامیی ئێرانـــەوە تیـــرۆر کراون. حەوتوونامـــەی Jungle Word لەگەڵ مســـتەفا هیجری سەبارەت بە بارودۆخی ئێران و ناوچەکە و هەروەها پێوەندیـــی نێوان حیزبـــە کوردییەکان وتووێژێکی پێک هێناوە.

**Jungle Word:** دەتوانن باسی ئـــەو ناڕەزایەتییانەی ئـــەم دواییانەی کوردســـتانمان بۆ بکەن کە تەنانەت هێندێک میدیا وەک شـــۆڕش ناویان دەبرد؟

هیجـــری: لـــە کوردســـتان و بە گشـــتی لە ئێراندا زۆر جار هۆکاری جۆراوجـــۆر وەک دەرفـــەت کەڵکیان لێ وەردەگیردرێـــت بۆ ئەوەی خەڵک دژایەتیـــی خۆیـــان لەگـــەڵ ڕێژیم دەرببـــڕن. لەگەڵ بوونی ســـەرکوتی زۆر زیاتـــر لە ســـاڵانی دواییدا، زۆر جار شـــاهیدی دەربڕینی ناڕەزایەتیی بەریـــن بووین. لەم دواییانەدا کوژرانی کچێکی فەرمانبـــەری هۆتێلێک لە شـــاری مەهاباد کە دەگوترێ لەلایەن کەســـێکی ســـەربە ڕێژیـــم هەوڵی دەستدرێژی کردن بۆ سەری دراوە، بوو بە هـــۆکاری دەربڕینـــی ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی ئەو شـــارە. ڕێژیمی ئێرانیـــش بەپێی ئـــەو ئەزموونەی کە هەیەتـــی، دەزانـــێ کە ئەم چەشـــنە ناڕەزایەتییانە زۆر زوو ڕەنگ و ڕووی سیاسی بە خۆیانەوە دەگرن. هەر بۆیەش بە توندترین شـــێوە ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانە ســـەرکوت کـــران. لە میانەی ئەو ســـەرکوتکردنەدا تەقە لە خەڵکی نارازی کـــراوە و زۆر کەس برینـــدار بوون. هەروەهـــا کۆمەڵێک لـــەو کەســـانەی کە بەشـــداری ئەو خۆپیشاندانە بوون، دەستبەسەر کران.

**Jungle Word:** بۆچـــی بارودۆخەکـــە وایـــە کـــە خەڵک بە دوای هۆکاردا دەگەڕێـــن بۆ ئەوەی ناڕەزایەتیـــی خۆیـــان دژ بـــە ڕێژیم دەربڕن؟

هیجـــری: ڕاســـتیی مەســـەلەکە دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ئەو ســـەرکوت و توندوتیژییانە ی کە دەرحەق بە کورد لە ئێرندا هەیـــە. خەڵک داوای مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی خۆیان دەکەن کە زەوت کراون. بۆیە وەک زۆر جار دەگوترێـــت، ناڕەزایەتییەکان تەنیا لە بەر کێشـــەی ئابـــووری نین. خەڵک دژی نیزامەکەیە.

**Jungle Word:** لە ئەساســـدا ویســـتی خەڵک ئازادیە گشتیەکانە، یان زیاتر مافی نەتەوەیی کورد؟

هیجری: لـــە قۆناغـــی یەکەمدا داخوازیـــی کـــورد مافـــە نەتەوەییە زەوتکراوەکانیەتـــی. خەڵکـــی کورد داوای مافـــی چـــارەی خۆنووســـین دەکات. ئەمە بەســـە بۆ ئەوەی ڕێژیم بیانووی هەرچەشـــنە ســـەرکوتێکی هەبێت.

**Jungle Word:** بەشـــداریی ژنان لە ناڕەزایەتییەکاندا چۆنە؟

هیجری: ئەوەی کە لەم ڕووداوەی پێشـــووی مەهابـــاددا ژنێـــک بووە قوربانیـــی، تەنیـــا هـــۆکار نەبـــوو بـــۆ بەشـــداریی ژنـــان لەو چەشـــنە ناڕەزایەتییانەدا کە دێنە ئاراوە. ژنانی کورد لەم جۆرە خۆپیشـــاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتیدا هەردەم بەشـــێک لەو خەڵکە بوون کە بەشـــداریی چالاکانەیان هەبووە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەمە لە نێو کورددا شتێکی نوێ نییە و ژنانی کورد هەردەم چالاکانە بەشدارییان کردووە.

**Jungle Word:** بارودۆخەکە لە ئێستادا چۆنە؟

هیجری: لـــە دوو حەوتووی ڕابردوودا هێزەکانـــی ڕێژیم هەوڵیـــان دا وەزعەکە کۆنتـــرۆڵ بکەن. دیارە بـــۆ ئەو کارەش هێزێکی زۆری ڕێژیم جووڵەی پێ کراوە. ڕێژیم دەیویست ئەم ناارامییە بە تەواوی ســـەرکوت بکات، تاکوو پەرە نەستێنێت. دیارە لە جارانی ڕابردووشـــدا ئەم شـــێوە ســـەرکوتە هەر بووە، بەڵام ســـەرهەڵدان هـــەر ڕووی داوە. بۆیە ئەگەری ڕوودانی سەرهەڵدان لە داهاتووی نزیکیشدا هەیە.

**Jungle Word:** هەڵســـوکەوتی گەلانی غەیری کوردی ئێران لەگەڵ ئەم جۆرە ســـەرهەڵدانانەی کوردستان چۆنە و چۆنی دەبینن؟

هیجری: لە بەشـــەکانی دیکەی ئێران شتێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا کە پێوەندیی بە ناڕەزایەتییەکانی مەهابادەوە هەبێت، بەڵام لـــە دەرەوەی ئێران و بە تایبەت لە ئورووپا هاوپێوەندی لەگەڵ گەلی کورد زۆر بوو، بە تایبـــەت لەلایەن عەرەبەکانی ئێرانەوە. هەروەها ئەو فارسانەی کە ڕوانگەیان بۆ کورد وەک ڕوانگەی ڕێژیم نییە.

**Jungle Word:** پێـــت وایـــە هۆکاری بە ئاکام نەگەیشتن و لاوازبوونی ئەو جۆرە ناڕەزایەتی و ســـەرهەڵدانانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـــە پارتە کوردییەکان لێکدابڕانی زۆریان پێوە دیارە، هەر وەک ڕۆژنامەنووس ئامبرین زەمان لەم ماوەی پێشـــوودا لـــە ڕۆژنامەی ئـــال مۆنیتۆر ئاماژەی پێدابوو؟هیجری: ڕاســـتە کە لە نێوان پارتە کوردییەکاندا جیاوازیی بیروڕا هەیە. بەڵام ئەگەر هاتە ســـەر پرسگەلی نەتەوەیـــی بـــۆ نموونە پشـــتگیریی لەم چەشنە سەرهەڵدانانەی کوردستان، ئیدی ئەو جیاوازیبانە وەلا دەنرێن و یەکدەنگین. کێشەکە ئەوەیە کە سەرهەڵدانی خەڵک لە ئێران بە جۆرێک ســـەرکوت دەکرێت، کە تەنانەت وێناکردنیشـــی ئەســـتەمە. بەشـــداریی لە ناڕەزایەتـــی دەربڕینێک لە ئێراندا دەتوانـــێ ببێتە هۆی گیران و ئەشکەنجە و زیندانیی درێژخایەن. لێرەدایە کـــە زۆر جار ئەو دەنگـــە نارازییانە زوو کپ دەکرێنـــەوە. لە بەر ئەوەش زۆربەی جار بەشێکی کەم لە خەڵک ئامادەی ئەو جۆرە خوپێشاندانانە دەبێت، کۆنترۆڵیشیان ئاسانترە.

**Jungle Word:** پێوەندیی حێزبی ئێوە لەگەڵ پژاک کە لە ماوەی پێشوودا ڕۆڵیان لە عێراق بینی و وەک بە هێزترین پارتی ئێران باسیان دەکرێت، چییە؟

هیجری: پژاک بەشێکە لە پ ک ک. ئەندامەکانی هەمان ئەندامی پەکەکەن. پژاک هێڵی سیاســـیی خۆی نییە و لە باری سیاســـی و تەنانەت ئابووریشـــەوە بەســـتراوەتەوە بـــە پارتـــی کرێکارانی کوردستانی تورکیەوە. ئێمە پژاک وەک پارتێکی سەربەخۆ نابینین.

**Jungle Word:** قەیـــران و کێشـــەکانی ئێســـتای عێراق و سووریە چ کاریگەرییەکیان لەســـەر ئێران هەیە؟ حیزبەکـــەی ئێوە لە کوێی ئـــەم قەیرانە دایە؟

هیجری: کێشەکانی عێراق و سووریە لە ڕاســـتیدا کێشەی ئێتنیکی و ئایینیی نێوان گرووپـــە جۆراوجۆرەکانە و ڕێژیمی ئێرانیش هەمـــوو هەوڵـــی پەرەپێدان بەم قەیرانانە و تێکدانی سەقامگیریی سیاسی و بەژەوەندیی ئەو وڵاتانەیە. هەتا ئێســـتا ئەم سیاســـەتەی ڕێژیم وڵامـــدەر بووە و هەوڵەکانی بوونەتە هۆی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا. بارەگای سەرەکیی حیزبی ئێمە لە باشووری کوردستانە. لەسەر داوای حکوومەتی هەرێم ئێمە پێشمەرگەمان بۆ بەرەکانی شەڕ بەرێ کردن. دواتریش هەر لەسەر داوای ئەوان پاشەکشەمان پێ کردن. ئەگەر هەرکاتێکی دیکەش پێویستیان بە هاوکاری ئێمە بێت، ئامادەین.

**Jungle Word:** برێـــک کات ئێران وەک پارتنێر بۆ شەڕی دژ بە داعش ناو دەبرێت؟!

هیجری: ئێران نـــەک ناتوانێت وەک پارتنێر لە شـــەڕی دژ بە داعش تەماشا بکرێت، بەڵکوو بە پێچەوانەیە. هەر پاش ئەوەی گرووپێک لە ئەلقاعیدە جیا بوونەوە و داعشیان پێک هێنا، ئێران لەگەڵ سووریە وحیزبوڵڵا و ئەم گرووپە کەوتە هاوکاری. ئەم ڕێکخراوە پشتگیریی تەواوی لێکرا. تەنانەت ســـەرۆک وەزیرانی پێشـــووی عێراق، نووری مالیکیش لەم پشتگیرییەدا بەشدار بوو. داگیرکرانی مووسڵ بۆ ئەمە بەڵگەیەکی حاشـــاهەڵنەگرە. مووسڵ و دەوروبەری لە ڕاســـتیدا ڕادەستی داعش کران و پێویســـتی نەکرد داعش بە شەڕ مووسڵ بگرێت. سپای عێراق پاشەکشەی کرد و بە ئەنقەست هەموو کەرەستەکانیان لەوێ بە جێ هێشت. ئەم ڕادەستکردنەی مووســـڵ، پلانێکی نێوان ڕێژیمی ئێران و مالیکی بوو. لـــە دوو مانگی ڕابردوودا دەرکەوت کە داعش لە باری کەرەستەی شەڕەوە لاواز بووە. هەر پاش ئەوە لە نزیک فەلووجە داعش هێرشێکی کرد کە سپای عێراق دیسان پاشەکشەی کرد و جاریکی دیکە هەموو کەرەســـتەکەیان بە جێهێشت بـــۆ داعش. بۆیە داعش دیســـان چەکی پێویستی دەســـت کەوت، تاکوو بتوانێت درێژە بە کارەکانی بدات.

ئەمانـــە ناکرێـــت بە ڕێکـــەوت بن. هەتا ئێســـتا تەنیا ناوچە سوننەنشینەکان کەوتوونەتە بەر هێرشـــی داعش. تەنانەت هەوڵیشیان نەداوە هێرش بکەنە سەر ناوچە شیعەنشـــینەکان. حکوومەتـــی هەرێمی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا توانیی پێشـــکەوتنی بەرچاو لە باری ئابووری و زۆر بواری دیکەدا بە دەست بێنێت، بەڵام ئەم پێشـــکەوتنە بەهۆی شـــەڕی داعش لە ئێســـتادا وەســـتاوە. لەگەڵ ئەوەشـــدا حکوومەتـــی هەرێـــم زیاتر لە ســـاڵێک بوودجـــەی لەلایەن عێراقـــەوە بە تەواوی پـــێ نادرێت. زیاتر لە یـــەک میلیۆن و نیو ئاوارە لەلایـــەن حکوومەتی هەرێمەوە بەخێـــو دەکرێن. لـــە لایەکـــی دیکەوە ڕێژیمی ئێران بە هیچ جۆرێک نایهەوێت کوردستانێکی سەربەخۆ لە سنوورەکانیدا هەبێت. هـــەر بۆیەش کوردیان تووشـــی شـــەڕی داعش کرد. میلیشـــیای شیعە پێکهێنراون کە لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریی ســـەربازی و ماڵی دەکرێن. لێرەدا زیاتر مەبەستیان سوننەکانی عێراقە. وێرانی لە ناوچە سوننەکاندا لەوپەڕی خۆی دایە و ســـاڵانێکی زوری دەوێ هەتا ئاسەواری شەڕ لەو ناوچانە نەمێنێت و وەک خۆیان لێ بێتەوە. تکریـــت نموونەیەکی زیندووە بۆ ئەم باســـە. پاش ئـــەو وێرانکارییەی لـــە تکریت ڕووی دا، خەڵکـــی ئەنبار نەیانویســـت ئەو میلیشیایەی سەربە ئێران بچنە ناوچەکەیان، وتیان خۆیان بەرگری لـــە خۆیان دەکەن. لەوێش ســـپای عێراق پاشەکشەی پێ کرا و دواتریش حکوومەت ڕایگەیاند کە کێشەی ئەنباریش هەر لە ڕێگای میلیشـــیای شـــیعەوە چارەسەر دەکرێت. ئەمـــەش هەمان ئاکامی دەبێت وەک لە تکریت. ئامانجی ڕێژیمی ئێران مانەوەی هەرچی زیاتری داعشـــە وە لە ناوچەکـــەدا. لە ڕێگای داعشـــە ئێران دەتوانێت دوو لایەن کۆنترۆڵ بکات، کورد و سوننەکان.

**Jungle Word:** باوەڕتان وایە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا کێشەیەکی گەورە بە ناوی کێشـــەی سوننە — شیعە هەیە؟

هیجری: ئەم کێشەیە هەبووە و ئێستاش هەیە و دەشـــمێنێت. ڕێژیمـــی ئێران لەم قەیرانەدا ڕۆڵی ســـەرەکی دەگێڕێت. لە لایەکەوە قەیـــران دەخوڵقێنێت، لەلایەکی دیکەوە ئامادەیی خـــۆی بۆ هاریکاری دەردەبڕێت.

**Jungle Word:** دانووســـتان لەســـەر بەرنامەی ناوکیـــی ئێران، چون هەڵدەسەنگێنن؟

هیجری: مـــن پێم وایـــە ڕێککەوتن دەکرێت. ئێران پێویستی بەو ڕێککەوتنە هەیە تاکوو بە نەمانی گەمارۆکان، دیسان بتوانێت ئـــەو هێزە ئابوورییەی وەدەســـت بێنێت کە بۆ پەرەپێدانی سیاســـەتەکانی لە ناوچەکەدا پێویســـتیەتی. پشتگیریی ڕێژیمی ئێـــران بـــۆ هاوپەیمانەکانی لە عێراق، ســـووریە، لوبنان و ئێستاش یەمەن خەرجـــی زۆرە. بەڵام دەبـــێ بڵێم کەلە بـــارەی وەســـتاندنی ئامانجەکانی ڕێژیم بۆ دەستپێڕاگەیشـــتن بە چەکی ناوکی، ئـــەم ڕێژیمە جێگای بـــاوەڕ نییە. ڕێژیم دەیهەوێت دەســـتی بە چەکـــی ناوکی ڕابگات. ئەگـــەر وەک تاکتیکیش ئەم هەوڵانەی کورتخایەن بوەستێنێت.

**Jungle Word:** سیاســـەتەکانی وڵاتانـــی ڕۆژئاوایی لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا دەتوانێت کاریگەری لەسەر دۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا هەبێت؟

هیجری: هەتا ئێســـتا نەمانبینیوە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە بەر پێشـــێلکردنی مافـــی مـــرۆڤ، یـــان ســـەرکوتی کەمایەتییـــەکان لە ئێرانـــدا گەمارۆی کاریگەر بخەنە ســـەر ئەو ڕێژیمە. وەک داواکاریـــی دەخرێتـــە بەر بـــاس، بەڵام ڕێژیم گـــوێ ناداتە ئـــەم داواکارییانە. ڕێژیم یاســـای مافی مرۆڤـــی تایبەت بە خـــۆی هەیـــە و گوێ ناداتە یاســـا نێونەتەوەیی‌یەکانی مافی مرۆڤ. بەڵام ئەگەر گۆشاری ڕاستەقینەی لەسەر بێت، دەتوانێت کاریگەریی هەبێت.

**Jungle Word:** لـــە مـــاوەی حکوومەتـــی ڕوحانیـــدا دۆخـــی مافی مرۆڤ باشتر بووە؟

هیجـــری: ڕوحانی ســـاڵانێکی زۆر چەندین پۆســـتی حکوومەتیی گرینگی بە دەســـتەوە بووە و لەمەڕ پرســـی کورد هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دیکەی ئێـــران نییە. لە هەمـــان کاتدا دەوڵەتـــەکان لـــە ئێراندا دەســـەڵاتێکی ڕاســـتەقینەیان نییـــە. ســـەرکۆمار هەڵدەبژێردێت، هەرچەند هەڵبژاردنەکانیش ئازادانە نین، بـــەڵام دەوڵەت و پارلمان لە ئێراندا کاریگەریی ڕاستەقینەیان لەسەر داڕشـــتنی سیاســـەتی وڵاتـــدا نییە. لە ڕاســـتیدا سیاســـەتەکانی ڕێژیم لەلایەن عەلـــی خامنەییـــەوە دیـــاری دەکرێن. کاربەدەســـتی جۆراوجـــۆر دێن و دەڕۆن، بەڵام سیاســـەتەکان هەمان سیاسەتن کە خامنەیی دیـــاری کردوون. گۆڕانکاریی تەنیا کاتێک لە سیاســـەتدا دێتە ئاراوە، کە ڕێبەری ڕێژیم بیهەوێت.

# بەرەو ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

شەهرام میرزایی

کاتێـــك دەڵێن کرماشـــان ، تەنیا مەبەستمان پارێزگای ئێستای کرماشان نیە بەڵکوو کرماشان چەمکێکی پان و بەرین بەڵام دیاریکراوی هەیە کە لە چوارچێوەیەکی فەرهەنگی ـ سیاسی مانا دەگرێت و خۆی نیشان دەدات.
لە ڕاســـتیدا لە بواری فەهەنگی ـ کۆمەڵایەتـــی لـــە کامیارانەوە هەتا دوایین خاڵی سنووری لور لە بازنەی کولتووری کرماشان جێگا دەگرێت. داب و نەریـــت، مۆســـیقا و هەڵس وکەوتی کۆمەڵایەتی و پێشـــینەی هاوبەشـــی ئایینی (مەبەست ئایینی یارســـان)ە بووەتە هـــۆی خولْقاندنی یەك چەشنە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەم بەشـــە لە کوردســـتان لە بواری سیاسیشدا مێژوویەکی هاوبەشی لە پاراستنی نیشـــتمان و بەشداری لە خەباتـــی ڕزگاری خوازانـــەی گەل هەبووە، بە تایبەت لە دوو سەردەمی ڕاپەڕینـــی یارســـان و کۆمـــارە شـــکۆمەندەکەی کوردســـتان. بۆیە کاتێك دەڵێین «کرماشـــان» دەشێ ناوچەیەك بریتی لـــە چەندین پارێزگا لەبـــەر چاو بگرین کە چەندیـــن زاراوەی لە سینگی خۆی بە خێو کردووە.
لـــە ناسیۆنالیزمی ســـەرەتایی تا ئایینی ناسیۆنالیستی کـــورد لـــە ســـەرەتای ناســـینی خۆی وەکوو نەتەوەیەکی دانیشـــتووی زاگـــرۆس هەر لـــە هەوڵی دامەزراندنی قەوارەیەکی ئایینی بۆ کۆکردنەوەی هاوڕەگەزەکانی بووە بۆیـــە دێو پەرەســـتی و میترایزم و زەروانیزمی خولْقاند تا لە ئەزموونی هەر کامیان بتوانێت یەکگرتوویەك پێك بێنێت بەڵام تەقدیر وابوو کە کورد نە لە ڕێگای ئایینەوە بەڵکوو دوژمنی دەرەکی دەبێتە هـــۆی یەکگرتووی، تایبەتمەندییەکـــی ســـایکۆلۆژیایی کـــە بەداخەوە لە نێو کـــوردان وەکوو ژێنێتیکێکی ڕەفتاری کە تا ئێســـتا ماوەتەوە.
بۆیە لە دوای هێرشە یەك لە دوای یەکەکانی ئاشـــوورییەکان، (دیاکۆ) لە کرماشـــان ســـەری هەڵداوە و لە ڕەوتێکی مێژوویدا توانی یەکەمین پێکهاتەی دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد دامەزرێنێـــت، لێرەدا کرماشـــان بوو بە بنکـــەی یەکگرتووی زاگرۆس و کوردســـتان، بەڵام ئەرکی مێژوویی کرماشـــان هەر لێرەوە کۆتایی نەهات بەڵکـــوو مێژوو وای دانابوو کە ببێتە داهێنـــەری یەکەمیـــن ئیمپراتۆری کوردســـتان و لە نێوبەری گەورەترین حکومەتی چەوســـێنەری جیهان کە ئاشوورییەکان بوون.
کاتێك ڕەوتـــە مێژووییەکان دژ بە کورد هەڵدەســـووڕێتەوە و پارسەکان بـــە ســـەرکردایەتی کـــورش کودەتا دەکـــەن ئەمە «گئۆمـــاد»ە کە لە سەردەمی پاشایەتی «کەمبووجییە» لـــە کرماشـــان ســـەر هەڵدێنێتەوە بـــۆ گەڕاندنـــەوەی شـــکۆی کورد و ڕاپەڕینێکـــی جەمـــاوەری ســـاز دەکات و دەتوانێـــت بـــۆ ماوەیـــەك نەتەنیا کـــورد بەڵکـــوو نەتەوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســـت لە چەوسانەوەی پارس ڕزگار بکات، بۆیە نووســـەر لەو باوەڕەدایە کە بیرۆکەی یەکبوونی کوردستان و هەوڵدانی بۆ بەدیهێنانی، لە نێوەڕاستی زاگرۆس یانی کرماشان لە دایك بووە و پەرەی سەندووە.
هێرشـــی موســـوڵمانەکان و داگیرکردنـــی خاکـــی کوردســـتان و ســـڕینەوەی کەلتـــووری کورد لە زاگرۆس یەکێك لە تاڵترین کارەساتە مێژوویەکانی کوردستان بووە، بۆیـــە دوای دوو ســـەدە لە زاڵبوونی موســـوڵمانەکان بە سەر کوردستاندا، «شاخۆشین» لە لۆڕستان سەر هەڵ دێنێت و بنەمای ئایینی یارســـان وەکـــوو ئایینێکی کوردی دادەنێـــت بەڵام ڕێك و پێك کردنی ئەم بنەمایـــە و دابینکردنی ئوسولی دەکەویتە ئەستۆی «سوڵتان سەهاك ».
لـــە ڕاســـتیدا ئایینی یارســـان دژکردەوەی نەتەوەیەکی چەوسێندراو بوو بۆ پاراســـتنی زمان، فەرهەنگ و مێـــژووی خۆی، لـــەم پێناوەدا لە دەقێکی یـــاری ئامانجی چالاکییە سیاسی ـ نیزامیەکانی گەورە پیاوانی یارسان ئاوا دیاری کراوە: « کە زندو کەروو ئایینی کوردان» لێرەدا دووبارە کرماشـــان لە هەســـتیارترین دۆخی نەتەوەکەیدا دەبێتە بنکەی پاراستن و خۆڕاگـــری گەلی کورد، کە ماوەی چەندین سەدە بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەیەکانیان چەندین و چەند شەڕی گەورە لە گەڵ خەلافەتی عەباسی و دواتر سوپای ئێران و عوسمانیەکانیان کردووە.
لە «یار محمد خانی کرماشانی» تا کۆماری کوردستان
سەرەتاکانی سەدەی بیستەم وەبیر هێنەری ئاڵوگۆڕە کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵـــگای ئێـــران، زۆرینـــەی خوێندکارە ئێرانییەکان کە لە دەرەوەی وڵات زانکۆیان تەواو کردبوو گەڕانەوە و هەروەها چینی نێوەڕاستی ئێرانیش توانیبووی لەگەڵا دۆخی سیاســـی ـ ئابووری دنیـــای ڕۆژئاوا پێوەندی بگرێت بۆیە ئەم دوو گرووپە هەستی بە دواکەوتوویی دامودەزگا سیاسی کۆمەڵایەتییەکانـــی وڵاتـــی خۆیان کردبوو و دەیانەویست وەکوو ڕۆژئاوا پێشکەوتوو بێت بەڵام بۆ گەیشتن بەم ئامانجە حکوومەتی پاشایەتی ئێرانی بە گەورەترین کۆســـپی بەردەم خۆی ئەدیت. بۆیە دەســـتی بە هەوڵێکی بەرفـــراوان بۆ گۆڕینی شـــێوازی حکومەتی ئێـــران کرد و لەم پێناوەدا توانی حکومەتی «یاسا مەشرووتە» دابمەزرێنێت.
لەم هەل و مەرجەدا کرماشان وەکوو یەکێك لـــە گرینگتریـــن بنکەکانی «مەشـــرووتیەت» ڕۆڵـــی نواند و «یار محمد خانی کرماشـــانی » کە ناوبانگی « گوردی کورد »ی هەبوو یەکێك لە سەرەکیترین سەرکردەکانی سیاسی ـ نیزامی ئەم شۆڕشە بوو.
یـــار محمد خان کـــە بە تەواوی باوەڕی بە ئازادی و یەکسانی هەبوو لەو بـــاوەڕەدا بوو کە ئەگـــەر ئێران بتوانێـــت بگاتە ئـــازادی، کوردیش ئەتوانێت بە مافـــە ڕەواکانی خۆی بگات یانی ئێرانێکـــی ئازاد دەبێتە هۆی کوردستانێکی ئازاد.
ئەو ســـەرکردایەتی هێرشـــەکانی تەورێز و تارانی لە ئەستۆ بوو بەڵام مەخابن لە ساڵی ١٢٩١ی هەتاویدا بە دەســـتی «عەبدولحســـێن میرزا فەرمانفەرمـــا» حاکمی کرماشـــان تێرۆر دەکرێت.
بیـــروڕای ئازادیخوازانـــەی یار محمدخانی کرماشانی لە ماوەیەکی زەمەنـــی کورتدا لە نێو ڕۆشـــنبیران و چالاکانی سیاســـی بڵاو دەبێتەوە و دەبێتـــە ڕێـــگا خۆشـــکەرێك بۆ بووژاندنـــەوەی بـــاوەڕە نەتەوەییەکان و هەروەهـــا ڕێگا خۆشـــکەرێك بۆ نفووزی کۆمەڵەی ژ.ك لە کرماشان و لوڕستان. هەر بۆیە کاتێك کۆمەڵەی ژ.ك دادەمەزرێـــت لـــە ماوەیەکـــی کورتدا نوخبەکانی کرماشانی دەکەونە هەوڵێکی چڕ و پڕ بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵا ئـــەم بزاڤـــە نەتەوەییەدا، لە ئاکامدا «میـــرزا عەبدوڵا مودەبێر» ناســـراو بە «ئاغای گەورە» دەبێتە بەرپرســـی کۆمیتـــەی «ســـنە ـ کرماشـــان- لورســـتان» و ڕەشـــید باجەلانـــی دانیشـــتووی خانەقین ئەرکی ڕێکخستنی کۆ میتـــە ی خانەقین و بەغدا دەگرێتە ئەســـتۆ و هەروەها دەبێتە بەرپرسی هاوئاهەنگی کۆمیتەکانی کۆمەڵەی ژ.ك.
بـــەڵام لـــە نێـــو کەســـایەتییە کرماشـــانییەکاندا، « ابراهیـــم خان نادری» جێگـــە و پێگەی تایبەتی هەبـــووە و هەیە، ئیبراهیم خان کە لە فەڕانسە یاســـای خوێندبوو، دەبێتە دەبیـــری کۆمیتەی کرماشـــان ــ لورســـتان و لە دارشتنی بەرنامەی سیاســـی- ئابـــووری- کۆمەڵایەتی کۆمەڵـــەی ژ.ك و دواتـــر حیزبـــی دێموکراتی کوردســـتان بۆ باشووری کوردســـتانی ڕۆژهـــەڵات ڕۆڵـــی سەرەکی هەبووە، کاتێکیش کۆماری کوردستان دادەمەزرێت دەبێتە بەرپرسی گشـــتی فەرهەنگـــی کۆمـــاری کوردستان و ڕاوێژکاری بەرزی نەمر قازی محەمەد.
لـــە ئاسمانەکانی ڕۆژئـــاوا تا شەقامەکانی ڕۆژهەڵات
دوای روخانی کۆماری کوردستان، ئیبراهیم خانی نادری بە دوو ســـاڵ زیندان ســـزا دەدرێت و دوای ڕزگار بوونـــی بە هۆی گوشـــاری زۆری دەزگا ئەمنیەکانـــی حکومەتـــی پاشایەتی کوردســـتان جێ دەهێڵێت و بەرەو ســـووریە ئاوارە دەبێت لەوێدا دەبێتە ئەفســـەری هێزی ئاسمانی ســـووریە و وەك نیزامییەك درێژە بە ژیان ئەدات، بەڵام بە هۆی باوەڕی بـــە ئازادی و یەکســـانی و هەروەها وەکوو قوتابییەکی مەکتەبی پێشەوا هەر لە هەوڵی دارشـــتنی پلانێك بۆ دەســـتپێکی خەباتی نەتەوەییە، بۆیە لەگەڵا ئەفسەرانی کوردی سووپای سووریە بڕیاری کودەتا ئەدات، بەڵام بەداخەوە دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار دەبـــن و ئیبراهیم خانی نادری تێرور دەکەن. ئیبراهیم خانی نادری توانی بە درێژایی ژیانی سیاســـی خۆی کاریگەرییەکی ڕاســـتەوخۆ لەســـەر لاوانـــی کورد دابنێـــت کە ئەمڕۆکە وەکوو نـــەوەی فکری ئەو خەباتگێڕە لە کرماشـــان و ئیـــلام درێژەدەری ڕێگای ئەون.
لـــە دوای رووخانـــی کۆمـــاری کوردســـتان تا ڕاپەڕینی نەتەوەکانی ئێران لـــە ســـاڵی ١٣٥٧، لە کرماشـــان زۆرینـــەی ڕ ێکخســـتنە کا نی حیزبـــی دیموکرات لە قوتابخانەکان، زا نکـۆ کا ن و بنکـــە کلتوورییەکان بـــوو، بۆیـــە ژ ما ر ە یە کـــی بەرفراوان لە لاوانی کورد کە لـــە داهاتوودا ئەرکـــی پەرەپێـــدان بـــە هەســـتی کوردایەتییـــان گرتە ئەستۆ، لەم شـــوێنانە پەروەردە کران.
«داریـــوش نیك گـــو» نموونەیەك لەو خوێنـــدکارە ئازادیخوازانە بوو کە کاتێك بوو بە مامۆستای قوتابخانە لە شار و شـــارۆچکەکانی کرماشان هـــاوکات لەگەڵ پـــەروەردە کردنی قوتابییەکانـــی، وانەی ئـــازادی و مافخوازیشـــی دەگووتـــەوە، ئـــەو کەسایەتییە شۆڕشـــگێڕە توانیبووی لە ماوە خزمەتی خـــۆی زۆرینەی قوتابییەکانی بەم ڕێبازە ئاشنا بکات و هەســـتی شۆڕشگێڕانە لە ناخیاندا هەڵگیرســـێنێت هەر بۆیـــە زۆر لەو شۆڕشـــگێڕانە کە لە ســـاڵانی ٥٧ دا بەشـــداری خەباتی مافخوازانەی گەلـــی کوردیان کـــرد قوتابی ئەو جوامێرە بوون.
مەخابـــن «داریـــوش نیك گوو» هاوکات لەگەڵ دەســـتپێکی خەباتی چەکـــداری حیزبی دێموکـــرات بە دژی حکومەتی پاشایەتی پەهلەوی ، دەستبەســـەر دەکرێت و لە ســـاڵی ١٣٤٧دا لە پێناو گەل و نیشتمان دا تیرباران دەکرێت.

ڕۆژەڤ

## ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن ئەسەد یارمەتی داعش دەکات

وەرگێڕ: ڕەزا فەتحوڵانژاد

حەوتوونامـــەی «نیوزویـــك» ڕاپۆرتێکـــی لە ژێر ناوی «ئەســـەد لە هێرشـــی حەلەبدا یارمەتی داعش دەکات» بـــە قەڵەمی «جەك موور» بڵاو کردووەتەوە کـــە وەك لە ناوەکەی ڕا دیـــارە، ڕاپۆرتەکـــە بەڵگەیەکی دیکـــەی ســـەلمێنەری ئیدیعای ئەو لایەنانەیە کە تا هەنوکە لەو بڕوایەدا بـــوون، بەهێزبوونی داعش بە قازانجی دەوڵەتی ئەســـەد و لـــەوەش گرینگتر کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.
لە پاراگرافەکانی سەرەتادا هاتووە: «ویلایەتـــە یەکگرتـــووەکان ئیدیعای کردووە کە هێزی سەربازی سووریە لە دەوروبەری شاری باکووریی حەلەبدا خەریکی بەڕێوەبردنی هێرشی ئاسمانی بـــۆ یارمەتیکردنـــی داعشـــە تا ئەو گرووپە بتوانێ لەم شارەدا کە هەنووکە لەدەست ڕاپەڕیوە ئیسلامگەراکاندایە، پێشڕەوی بکەن.
ئەم گرووپە تیرۆریســـتییە شەڕی هاوپەیمانەتییەکـــی ڕاپەڕیـــوە ســـوورییەکانی کـــردووە و دەیـــکات، هاوپەیمانییەتییەك کە ئەو خەباتگێڕانە لەخۆ دەگرێت کە پشتیوانی ڕۆژئاوایان لەپشـــتە و بە بەرەی سووریە ناسراون، شـــەڕەکە لە پارێزگای حەلەب لەسەر داگیرکردنی ئەو شـــارەیە کە لە دەست ڕاپەڕیوەکاندایـــە. بۆ ئەو مەبەســـتە داعش ڕۆژی یەکشـــەممە شـــاری سۆران ئازاز و دوو گوندی گەمارۆ دا و هێزە ڕکەبەرەکانی ناچار بە پاشەکشە بەرەو سنووری تورکیە کرد.»
بەپێـــی ڕاپۆرتەکـــە، گرتنی ئەم شـــارە لە لایـــەن داعشـــەوە دەتوانێ ببێتە هۆی دەستپێڕاگەیشـــتنی ئەو گرووپە تیرۆریســـتییە بە ڕێگەیەکی هەرەگرنگـــی هاتووچۆی شـــتومەك لـــە حەلەبەوە بۆ ســـووریە. جگە لەوە ڕێگـــەی چەکوچـــۆڵ گەیانـــدن بە ڕاپەڕیوەکان لە پێناو درێژەدانی شـــەڕ لە دوو بەرەوە دەبڕێ.
لە بەشێکی تردا هاتووە: «دیمەشق بـــە شـــێوەی ڕۆتیـــن حاشـــای لە دابینکردنی هەر جـــۆرە یارمەتییەك بۆ داعش کردووە، بەڵام واشـــینگتۆن ئێســـتا ئیدیعـــا دەکات کـــە ڕێژیمی بەشار ئەسەدی سەرکۆماری سووریە بە مەبەســـتی بەهێزکردنـــی توانای شـــەڕی ئەو گرووپە لەسەر ئەو شارە ستراتیژیکە، خەریکە هێرشی ئاسمانی بەڕێوە دەبات.
باڵوێزخانەی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریە شەوی یەکشەممە لە لاپەڕەی فەرمـــی خۆیـــدا بـــڵاوی کـــردەوە: «ڕاپۆرتـــەکان دەریدەخـــەن کە ڕێژیم بە پشـــتیوانی لە پێشڕەوی داعش لە حەلەب هێرشی ئاسمانی بەڕێوە دەبات، ئەو کارەش لـــە پێنـــاو یارمەتیدانی توندڕەوەکان بە دژی خەڵکی ســـووریە دەکات».
لە بەشـــێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا ئامـــاژە بـــە ڕاپۆتێکـــی حەوتووی ڕابردووی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە سووریە (SOHR) کراوە کە وتوویەتی ڕێژیمی ئەسەد بۆشکێکی بۆمبڕێژکراوی لە شـــاری ئەلباب کە بەدەست داعشـــەوەیە، تەقاندووەتەوە و ٥٩ کەس لە خەڵکی ئاسایی کوشتووە. باڵوێزخانەی ئەمریکا پێی وایە ئەو کارە بەمەبەســـتی یارمەتیدانی داعش بووە تا خەڵکی زیاتری پێ پەیوەست بن و ڕایگەیاندووە کە «ڕاستییەکە ئەوەیە کـــە چ ئامرازێك بۆ پەیوەســـتبوونی هێزی نـــوێ بە داعش لـــە دڕندەیی ڕێژیمی ئەسەد باشترە».
بەپێـــی ڕاپۆرتەکە، لـــە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: «ئەســـەد دەمێکـــە ڕەوایی نەمـــاوە و هەر بۆیە هیچـــکات نابێتـــە هاوپەیمانێکـــی دژەتیرۆریزم بۆ واشینگتۆن.»
ســـەرچاوە: newsweek.com

# وتووێژێک لەگەڵ بەڕێز تەیموور موستەفایی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکا لەمەڕ هێرشی ئەم دواییەی PKK بۆ سەر پێشمەرگەکانی حدکا

**وتووێژ: کوردستان**

**« ڕابردووی PKK ئەوەی سەلماندووە کە ئەوان ئەگەر بۆیان بلوێ حەزیان لە هەبوونی هیچ هێزێکی کوردی نیە و دەیانهەوێ هەموو بەشەکانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بێ و تەحەمولی هیچ کەس و لایەنی دیکە ناکەن».**

پرسیار: بۆ چی PKK هێرشی کردە سەر پێشمەرگەکانی حدکا؟

وەڵام: بڕیار بوو کە تیمێکی ئێمە بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵات بگەڕێنەوە نێوخۆی وڵات، بەڵام کاتێك کە ئەوان گەیشتنە سنووری نێوان ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، لە لایەن گەریلاکانی PKKەوە پێشیان پێ گیرا. بۆ ئەوەی کە ڕووداوێکی ناخۆش لە نێوانیاندا ڕوو نەدات، لە ڕێگای دۆستانی هەردوو لامانەوە هەوڵماندا کە پێش بە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو بگرین، بەڵام بە داخەوە بەرپرسانی PKK وەڵامی داواکەی ئێمەیان بە هەڕەشەکردن دایەوە و ڕایانگەیاند کە دەبێ لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ناوچەکە بە جێ بهێڵن، چونکە ئەو ناوچەیە هەرێمی پاراستنی میدیایە و لە کۆنترۆڵی ئەواندایە و ئێرانیش لەو پەیوەندییەدا گوشاریان دەخاتە سەر. بەڵام ئەو ناوچەیە خاکی هەرێمی کوردستانە و پاراستنی لە ئەستۆی PKK نیە.

پاش ئەو هەوڵانە بڕیارمان دا کە وەك دەفتەری سیاسیی حدکا نامەیەك بۆ کۆنسەی سەرۆکایەتیی PKK بنێرین و لەو نامەیەشدا وێڕای باس کردن لە هەستیاریی باردۆخەکە داوامان لە PKK کرد، کە بە دانیشتن و دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکەین کە دیسان وەڵامێك نەبوو و لە ئاکامدا هەڕەشەکانی خۆیان بە هێرش بۆ سەر پێشمەرگەکانی حدکا جێ بە جێ کرد کە لەو شەڕەدا بە داخەوە پێشمەرگەیەکی ئێمە بە ناوی قادر کەریمی شەهید و سێ پێشمەرگەی دیکەشمان بریندار بوون.

پرسیار: پ ك ك کە بەردەوام باس لەوە دەکات کە ئەوان نەتەوەیی بیر دەکەنەوە و مافی خۆیانە کە لە هەر پارچەیەکی کوردستان خەبات بۆ ئازادی و بەرگری لە کورد بکەن، بۆ چی ئەو مافە بۆ خەڵکی دیکە ڕەوا نابینن؟

وەڵام: PKK لە کۆنگرەی دووهەمەوە کە لە ساڵی ١٩٨٤ دا بەڕێوەیان برد، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران گەرم و گوڕتر کرد و لە کۆنگرەی سێهەمیاندا دۆستایەتیی نێوان خۆیان و کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان گەیاندە قۆناغی دۆستایەتیی ستراتێژیك و لە زۆر وتووێژی بەرپرسان PKK دا ئەم دۆستایەتییە ستراتێژییە ڕەنگی داوەتەوە و جارێك دەڵێن کە هەموو داگیرکەرانی کوردستان وەك یەك نین و لەو پەیوەندییەدا کۆماری ئیسلامی بە دۆستی کورد ناو دەبن و دەڵێن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان سیاسەت دیاری بکات. لە لایەکی دیکەوە ڕابردووی PKK ئەوەی سەلماندووە کە ئەوان ئەگەر بۆیان بلوێ حەزیان لە هەبوونی هیچ هێزێکی کوردی نیە و دەیانهەوێ هەموو بەشەکانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا بێ و تەحەمولی هیچ کەس و لایەنی دیکە ناکەن. بەرپرسانی PKK لە ئاخرین لێدوانیاندا ڕایانگەیاندوە کە دەورانی دەوڵەت-نەتەوە بە سەر چووە و ئەوان خەبات بۆ دێموکراسی دەکەن کە دێموکراسیەکەشیان ئەوەیە کە دەیبینین، ئەوان قبووڵی هیچ هێز و لایەنێکی دیکەی کوردی ناکەن لەو ناوچانەدا کە ئەوان باڵادەستن. هەروەها لەو ناوچانەشدا کە دەسەڵاتیان نیە، هەوڵ دەدەن کە بە بیانووی جۆراوجۆر کێشە دروست بکەن وەك دروستکردنی حیزبی دەستکردو پێکهێنانی کانتۆن و .... هتد.

پرسیار: بۆچی پ ك ك لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیان لە گەڵ حدکادا، تەنیا نوێنەرێکیان ئەویش لە ئاستی خوارەوە ناردبوو و بۆ خۆیان لە ئاستی سەرۆکایەتیدا ئامادەی دانیشتنەکە نەببوون؟

وەڵام: باشتر وابوو کە ئەم پرسیارە لە PKK کرابا. بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئێمە، ئەوەیە کە بە هۆی بەپەرۆشبوونمان بۆ کێشەکە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردن و گرینگیدان بە داوای ناوبژیوانەکان، بە وەفدێکی گەورە بەشداریمان لە کۆبوونەوەکەدا کرد، بەڵام PKK لە ئاستێکی خوارتردا بەشداری کردو ئەمەش دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێ:

١-جیددی نەبوونیان بۆ چارەسەریی کێشەکە، کە هیوادارم ئەمەیان نەبووبێ.

٢-ئەو وەفدە نەتوانێ هیچ بڕیارێك دەربکات و بگەڕێتەوە بۆ لای سەرۆکایەتیی PKK و ئەو پرسە زیاتر تاوتوێ بکەن.

پرسیار: پ ك ك پێی وایە ئەم ڕوداوە دەستی دەرەکی لە پشت بوو بۆ زەربەلێدان لە پ ك ك و کاریگەری دانان لە سەر هەڵبژاردنەکانی تورکیە؟

وەڵام: پەیوەندیی حدکا لەگەڵ حیزبەکان و دەوڵەتەکان لە سەر ئەوە دانەمەزراوە کە بڕیار لەم و لەو وەربگرێ، یان لە دژی ئەم و ئەو هاوکاریی دەوڵەتەکان بکات. ئەو چەواشەکارییەی بەرپرسێکی PKK زیاتر لەوەی کە زانیاری بێ، بۆ شاردنەوەی ئەو تاوانە گەورەیە بوو کە دەرحەق بە پێشمەرگەکانی حدکا و بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا. حیزبی دێموکرات تا ئیستاش بێجگە لە هەرێمی کوردستان لە گەڵ هیچکام لە وڵاتانی دەوروبەر پەیوەندیی نیە. بە هۆی ژئۆپۆلیتیکی کوردستانەوە، بزووتنەوەی هەر یەك لە بەشەکانی کوردستان بۆ بەرەوپێشەوە بردنی کارەکانیان پەیوەندییان لە گەڵ وڵاتانی جیران گرێ داوە. حدکا لە مێژەوە ڕایگەیاندووە کە بە مەرجێك کە ئەم پەیوەندییانە لە دژی کوردانی وڵاتی پەیوەندی پێوەگیراو نەبێ، هیچ کێشەیێك نیە. هەر لەم پەیوەندییەدا دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس و دەرکەوتنی بەڵگەنامەکان ئاشکرا بوو کە حدکا تەنانەت یەك بەڵگەش لە سەری نیە کە لە دژی کوردی باشوور هاوکاریی حکوومەتی بەعسی کردبێ، بەڵکوو بە پێچەوانە بە دەیان بەڵگە لە مەڕ هاوکاریی حدکا لەگەڵ کوردی باشووری کوردستان دۆزراوەتەوە. لەو پەیوەندییەدا هەر چەندە کە زەرەریشمان کردبێ، بەڵام پێی سەربەرزین.

پرسیار: پەیامتان بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حدکا لەو قۆناغە هەستیارەدا کە حدکا دەیهەوێ لێیان نزیك ببێتەوە و پێکەوە دەست بە خەبات لە دژی زوڵم و زۆرداری بکات چیە؟

وەڵام: پەیامم بۆ ئەندامە تێکۆشەرەکانی حیزب ئەوەیە کە ئێمە خوازیاری شەڕ لە گەڵ PKK و هیچ هێزێکی کوردی نەبووین و نابین و بێجگە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردە، کەس بە دوژمنی خۆمان نازانین. حدکا دەستی دۆستایەتی بۆ هەموو لایەکی درێژ کردوە و دەیکات. داواشمان لە PKK ئەوەیە کە لە باتی ئاستەنگ دروست کردن لە سەر ڕێگای هێزە کوردییەکان، بکەوێتە هاوکاری کردنیان کە بە بڕوای من لەو مەیدانەدا زیاتر قازانج دەکات. بە پێچەوانەش ئەگەر بێت و گرژی و ئالۆزییەکان چارەسەر نەکرێن ئەوا تەنیا دوژمنانمان سوودی لێ دەبینن. بۆیە پێویستە کە ئێوەش لە هەڵوێست گرتنەکان و لە نووسینەکانتاندا بە هەمان ڕۆح بیر بکەنەوە و بنووسن و شەڕی کورد بە کورد و کوژرانی ڕۆڵەکانی کورد بە دەستی یەکتر مەحکووم و ڕسوا بکەن.



# نامەی کچە پێشمەرگەیەکی پارێزەر بۆ پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە

**پارێزەر تارا خێری**

### شەڕی کورد بەدەستی کورد پلانێکی دزێوی دوژمنانە بۆ لە نێوبردنی کورد

پێئەچێ هەموو لایەك بە ئاگابن لەوماڵوێرانییەی کە جارێکی دیکە بەسەر گەلی کورددا هاتەوە، ڕاستییەکی تاڵە ، بەڵام من یەکەم جار کە گوێم لێ بوو بڕوام نەکرد، یان هیوام خواست کە هەواڵەکە ڕاست نەبێت، لە خەونی چەند ساڵەی کورد بۆ یەکخستنی کوردستان و ئاواتی دەوڵەتی سەربەخۆ، بە بیستنی ئەو هەواڵە تاڵە ڕاچڵەکین کە لە قەندیل لە لایەن گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە تەقە لە دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کراوە، کە بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکی حیزبی و نەتەوەیی چووبوونە ئەو ناوچەیە. بەداخێکی گرانەوە لەو ڕوداوەدا پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید و سێ پێشمەرگەی دیکەش برینداربوون، من سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو شەهیدە دەکەم و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازم.

ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمان لە دوژمن دەکرد کە وەك هەمیشە بە ئاگر و ئاسن وەڵامی حیزب و نەتەوەکەمان بداتەوە ، بەڵام بە هیچ شێوەیەك ئەو چاوەڕوانییە لە پارتێکی کوردستانی ناکەین کە مێژووی خەبات و قوربانیدانی هەیە لە پێناو نەتەوەکەی.

هێشتا هیوادارم کە ئەوە دوایین ناخۆشی بێت و شەڕی براکوژی جارێکی دیکە ڕوو نەداتەوە لە کوردستان. ئێمە شاخەکانی کوردستان بە پشتیوانی خەباتکارانی هەرچوار پارچەی کوردستان دەزانین بەبێ جیاوازی، بۆیە داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەم کە قەندیل بە موڵکی خۆی نەزانێت چونکە قەندیل پشتیوانی هەموو کوردێکە کە بۆ ئازادی کوردستان تێدەکۆشێت، مافی خەباتکردن بۆ هەر ئازادیخوازێکی کورد لە هەر کوێیەکی ئەم کوردستانە مافێکی ڕەوایە، داواکارم لە پارتی کرێکارانی کوردستان هەر چالاکییەکی سیاسی یان سەربازیی کە بۆدرێژەدان بە خەباتی سیاسی خۆی بەمافێکی ڕەوای دەزانێ بۆ پارت و لایەنەکانی دیکەش ئەو مافە بە ڕەوا بزانێ، لەقەندیل بێت یان لە ئامەد یان قامیشلو یان لە شەنگال یان کۆبانی یان پاراستن لە کەرکوکی بابە گوڕگوڕ، هەمووی بۆ ئێوە ڕەوایە ! ئەی کوردینە دەبا بۆ ئێمەش ڕەوابێت پاراستن لە ڕۆژهەڵات!.

من بە پارتی کرێکارانی کوردستان ڕادەگەیەنم کە ئێمە قەندیل ناکەین بەموڵکی خۆمان و مەبەستمان شەڕکردن لەگەڵ ئێوە نییە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی ئێمە کۆماری ئیسلامی ئێران بووە و هەیە، تا بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

تکایە ئەگەر هاوکاری ئێمە ناکەن، خۆتان بەرەو ڕووی ئەو بەرپرسیاریەتییە گەورەیە مەکەنەوە کە بۆچی دەبنە ڕێگر لە بەردەم خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!؟

دوژمنان هەمیشە لە پلان بوون بۆ لەنێوبردنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان، ئێوەش لەو ڕاستیە تێدەگەن کە نەتەوەی کورد هەمیشە ناچارکراوە کە پەنا بۆ شاخەکانی کوردستان ببات بۆ پارێزگاریکردن لە خەڵکی کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەران.

پێویستە ڕۆڵەی کورد لەو ڕاستیە تێبگات کە شەڕی کورد بە دەستی کورد شەڕی لەنێوبردنی کوردە، گەلی کورد هیچ سەرکەوتنێکی لە شەڕی کورد بەدەستی کورد بەدەست نەهێناوە و بەدەستی ناهێنێت، شەڕی براکوژی دەبێتە پەڵەیەکی ڕەش کە لە مێژووی گەلەکەمان تۆمار دەکرێ، ڕوخساری مرۆڤی کورد شەڕخواز نیشان دەدات لەبەر چاوی جیهان، زیان بە پرۆسەی دێموکراسی دەگەیەنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ئەبێتە هەوێنی خۆشحاڵیی دوژمنانی کورد .

حیزبی ئێمە دەستپێشخەر نەبووە و نابێت بۆ هیچ شەڕێکی داسەپاو بەسەر گەلەکەمان جا شەڕی نێوخۆیی بێت یان شەڕ لەگەڵ دوژمنانی گەلی کورد، بەڵام مافی بەرگریکردنی بە مافێکی ڕەوا داناوە لەهەموو قۆناغەکانی خەبات، وەك لەیاسای نێودەوڵەتی و نێوخۆیشدا مافی بەرگریکردن مافێکی ڕەوایە .

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر ڕۆژگاری سەختی تێپەڕاندووە، زۆر ڕۆڵەی بەنرخی لە ڕێگەی خەباتدا لەدەست داوە، ڕێبەرانی ئەو حیزبە بەدەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران شەهیدکراون، بەڵام لە هەموو ئەم قۆناغانەشدا حیزبی ئێمە لە ڕەوتی خەبات بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەی هەر بەردەوامە. حیزبی ئێمە حیزبێکی ئاشتیخواز وئازادی خواز و دێموکراتخوازە، باوەڕی بە تاکڕەوی نییە، کوردستان بە تەنها بە موڵکی خۆی نازانێت، بەڵکوو خەڵك دەکاتە سەرچاوەی بڕیاردان.

ئامادەبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چیاکانی کوردستان دوو پەیام دەگەیەنێت یەکەمیان ئەوەیکە پەیامێکە بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران کە خەباتی ڕۆڵەکانی کورد لە کوردستان بەردەوامە، پەیامەکەی دیکەش بۆ خەڵکی کوردستانە کە دڵنیایان دەکەینەوە کە حیزبی دێموکرات پشتیوانیکردن لە هەموو ئازادیخوازێکی ڕۆژهەڵات بەئەرکی خۆی دەزانێت.

# Pkk بە نیازی چارەسەریی کێشەکان نییە

فاتیح ساڵحی



ڕەنگە هەندێ کەس پێیان سەیر بێ کە بۆچی وەها ناوێکم بۆ نووسینی ئەم بابەتە دیاری کردووە. ڕەنگە هەندێ کەسیش پێیان وابێ کە جۆرێك دەمارگرژیی زاڵە بەسەر نووسەری ئەم بابەتەدا و بە شێوەیەك لە شێوەکان بچێتە خانەی حیزبیگەرییەوە. بەڵام لە ڕاستیدا دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ ناودێری کردنی ئەم بابەتە.

یەکەم:

کۆمەڵێ بەڵگە و فاکت لەبەردەستدایە کە پێ کاکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران پێوەندییەکی توند و تۆڵیان لەگەڵ یەکتردا هەبووە و ئێستاش هەیە بەڵام لە بڕگە زەمنییە جیاوازەکاندا ئەم پێوەندییە هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە بەڵام هیچ کات ئەم پێوەندییانە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە نەچووەتە قۆناغێکی ئیستراتژیکەوە. بەڵکوو بەردەوام لە پێ کاکا وەك ئامراز و کەرستەیەك بۆ پاراستنی پارسەنگی هێز لە نێوان وڵاتی تورکیە و خۆیدا و هەندێ جاریش بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە نێوان هێزەکانی دیکەی کوردستاندا کەڵکی لێ وەرگرتووە. بۆ وێنە لە ساڵەکانی ١٣٧٧ تا ١٣٧٩ی هەتاوی، بینەری هەندێ ڕووداو بووین لە پێوەندیی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاستەوخۆ پاڵپشتی لە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە کردووە، چونکوو لەو سەردەمەدا پێوەندییەکانی نێوان تورکیە و ئێران ئاڵۆز ببوو. یان بە هۆی ئەوەیکە ڕۆڵ و کاریگەری هێزە ڕەسەنە کوردییەکانی کوردستانی ئێران کەم ڕەنگ و لاواز بکات، ئازادانە گۆڕەپانەکەی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان چۆڵ کرد بۆ ئەوەیکە بانگەشەی پارتەکەی و سیاسەتەکانی بکات و لەم ڕێگەیەوە هێزی پەنگخواردووی گەنجان و لاوانی کوردستانی ئێران لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دوور بخاتەوە و بەرەو خۆی ڕایانکێشێ. یان کاتێ یەکیەتی و پارتی لە بڕگە جیاوازەکاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامییدا تووشی ناکۆکی بوون، کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی پێ کاکاوە شەڕێکی هەمە لایەنە پێ فرۆشتوون و ئەگەریش ڕاستەوخۆ شەڕیان نەکردبێ هەوڵیان داوە بە هەموو شێوەیەك تەداخولی کاروباری کوردستانی باشوور بکەن، بۆ وێنە لە شەڕی ئەم دواییانەی داعش لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ڕووداوەکانی شەنگالدا، پێ کاکا پێشان دا بە پاڵپشتی ئێران و بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ سیاسەتەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان بە ئەنقەست دەستی دایە دەستێوەردان و تەنانەت دژایەتی کردن لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. بەڵام لە کوردستانی ئێران لە دوای ساڵەکانی ١٣٧٦وە و بە تایبەت ئەو کاتەی کە عەبدوڵڵا ڕەمەزانزادە پارێزگاری پارێزگای سنە بوو، پێ کاکا زۆر بە ئازادانە و بەمۆڵەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بازنەی چالاکییەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرفراوانتر دەکرد و بە بێ هیچ زەخت و گوشارێك دەستی دایە ئەندامگیری و کادرسازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لە ئەنجامدا دروست کردنی هێزێکی دەستکردی وەك پەژاکی لێ کەوتەوە. لە مەودای نێوان ساڵەکانی ١٣٧٦ تا ١٣٨٤، بە ڕاشکاوانە باسی پاڵپشتی کردن لە پێ کاکا لە ئارادا بوو. بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە دەرکردنی مۆڵەت و ئیزنی خۆپیشاندان دژی دەوڵەتی تورکیە لە کاتی دەسبەسەرکردنی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان لە کنیا و هاوکاری هەمە لایەنەی کۆماری ئیسلامی لە باری لۆجستیکیی و کردنەوەی نووسینگەی نوێنەرایەتی پێ کاکا لە ورمێ و تاران بوو. لەو کاتەدا جگە لەوەیکە سەرکردەکانی پێ کاکا لە دەروازەی ئێرانەوە هاتووچۆی ئۆرووپایان دەکرد بەڵکوو بەناو هەڤاڵانی پێ کاکا بە ئازادانە لە شارەکانی کوردستان دەگەڕان و بانگەشەیان بۆ سیاسەت و دروشمە بریقەدارەکانی پێ کاکا دەکرد. هەڵبەت هێشتا لەو سەردەمەدا ناوێك لە پژاك لە ئارادا نەبوو بەڵام هەرەوك لە چەن دێڕی پێشوودا هێمامان بۆ کرد دوای چەندین ساڵ بانگەشە و کادرسازی لە ساڵی ١٣٨١دا بە فەرمی پارتی ژیانەوەی ئازادی کوردستان یان پەژاك دامەزرا کە هەر لەسەرەتاوە دەستکرد و لقی ڕۆژهەڵاتی پێ کاکا بوو. دامەزراندی پەژاکیش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە بەرەبەرە بیروڕای گشتیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پاش هەندێ لێدوانی نابەرپرسیارانەی سەرکردەکانی پێ کاکا و خودی عەبدوڵڵا ئۆجالان لە سیاسەتەکانی ئەم پارتەی باکوور پاشگەز دەبوونەوە، هەر بۆیە دەبوایە هێزێکی دەستکردی وەك پەژاك دروست بکرابایە کە ڕێگەی پێ کاکای لە کوردستانی ئێراندا درێژە بدایەت. بەهەر شێوە ئەوە قۆناخێ بوو کە هەموو کەسێ بە ئاشکرا دەیزانی کە پێوەندییەکی گەرم و گوڕ لە نێوان پارتی کرێکارنی کوردستانی تورکیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئارادایە. هەڵبەت دەبێ لێرەشدا باسی ئەوە بکەین کە ئەم پێوەندییە لە بواری واقیعی سیاسی و بەستێنی دیپلۆماسیدا هیچ کێشەیەکی نییە و دەتوانین بڵێین بە شێوەیەك لە شێوەکان پاساوهەڵگرە چونکوو زۆر ئاساییە هێزێکی کوردی لەگەڵ دژمنی ئەو دەوڵەتەی کە بەدژی خەبات دەکات لە هەندێ بواردا یەکبگرن و پێکەوە هاوکاریی بکەن بەڵام کاتێ ئەم پێوەندییە بە شوێنێك دەگات کە خەسار بە خەبات و جووڵانەوەی پارچەیەکی دیکەی کوردستان یان خود بزووتنەوەیەك جگە لە جوگرافیای سیاسی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە واتە خودی باکووری کوردستان دەگەیەنێ، ئەو کات دەتوانین ڕەخنە بگرین لە بنەماکانی ئەو پێوەندییە. یەکەم جار کاتێ ڕەخنە هاتەوە سەر پێوەندییەکانی نێوان پێ کاکا و کۆماری ئیسلامی ئێران کە پاش ڕووداوەکانی ڕەشەمەی ١٣٧٧ی هەتاوی و کوشتن و بریندار کردن و زیندان و ئەشکەنجە کردنی بە دەیان کەس لە خەڵکی کوردستانی ئێران، بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجالان بکەرانی ئەو ڕووداوەی بە داردەستی ئیسراییل و ئەمریکا شوبهاند و بە فەرمیی لە کۆماری ئیسلامی داوای لێبووردنی کرد. دوابەدوای ئەو ڕووداوە پێوەندییەکانی پێ کاکا و کۆماری ئیسلامی هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆیەوە بینیوە بەڵام هیچ کات ئەم پێوەندییانە نەگەیشتنە ئاستێ کە بپسێن یان ئەوەندەش گەرم و گوڕ بن کە لە لای بیروڕای گشتیی زۆر زەق بن. تا ڕووداوەکەی بەدەستەوەدانی شاخی جاسووسان و ڕادەست کردنی بەشێك لە خاکی کوردستان بە جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها سەرهەڵدانی داعش و ڕووداوەکانی سووریە و هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و هاوپەیمانیی بێ ئەملا و ئەولای پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە و کۆماری ئیسلامی ئێران و درێژەکێشانی ئەم ڕەوتە تا هێرش و پەلاماری هێزەکانی پێ کاکا بۆ سەر کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە چەن ڕۆژی ڕابردوودا. بەهەر شێوە ئەگەر کەسێك چووکەترین شەمی سیاسی هەبێت زۆر بە ئاسانی دەتوانێ ئاڵقە زنجیرەکانی ئەم پێوەندییە بە جوانی بۆ خۆی دەسنیشان بکات.

دووهەم:

چەواشەکاریی و بەلاڕێدابردنی ڕاستییەکان یەکێك لە ئامرازە سەرەکیی و بەهێزەکانی دیکتاتۆرەکان و یەك لەوان کۆماری ئیسلامی ئێرانە. وادیارە لەم بەشەشدا پارتی کرێکارانی کوردستان بە هەموو شێوەیەك کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردووە بەسەرباشقەی خۆی و بە نموونەهەڵگرتن لە کار و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی، دەستی داوەتە چەواشە کردن و بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی کۆمەڵگای وشیاری کوردستان لە پێوەندیی لەگەڵ کێشە و ئاریشەکانی ئەم دواییانەی . ئەم ڕێکخراوە کۆمۆنیستی، سووسیالیستی، ناسیۆنالیستی، ئێنترناسیۆنالیستی، مارکسیست ئیسلامیستیی و ئاپۆییستی و کۆمەڵێ ئیسمی دیکە کە دەرخەری نەبوونی ستراتژییەکی ڕوونی ئەم ڕێکخراوەن بۆ بەردەوامی لە کار و چالاکییە سیاسیەکانی . خۆیدا. بەڵام ئەوەیکە ڕوون و ئاشکرایە پارتی کرێکارانی کوردستان بە هۆی نەبوونی ستراتژییەکی یەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی و چەن دەنگبوونی ڕێبەرایەتی لە نێو ئەم ڕێکخراوەدا تووشی قەیرانێکی هەمە لایەنە بووە کە ناچار بووە بە هەموو شێوەیەك پاڵ بدات بە یەکێك لە هێزە هەرێمییەکانی ناوچەکە و بەداخەوە لە نێو ئەو هێزانەدا، ئەم ڕێکخراوە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی هەڵبژاردووە و دەتوانین بە ئاشکرا بڵێین، پارتی کرێکاران جگە لەوەیکە بووەتە شارێیەکی ترانزیتی بۆ گواستنەوەی چەك و چۆڵ بۆ سووریە و حیزبوڵڵای لوبنان و هەروەها ترانزیت و ئێسکۆرتی مادەهۆشبەرەکان بەرەو ئۆرووپا، بە دڵنیاییشەوە و بەداخەوە بووەتە کرێکاری ئامانج و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەدوور لە هەر چەشنە دەمارگرژییەك بووەتە داردەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامە و پلانەکانی ئەم ڕێژیمە لە بەشێك لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ قەیران لە ڕێبەریی و نەبوونی ستراتژییەکی یەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناڕوونەکانی ئەم ڕێکخراوە. بۆیە باسی ئامانجی ناڕوون دەکەم چونکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێ ڕوون نییە کە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە چی دەوێ و لە داهاتووی هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بە تایبەت جوگرافیای کوردستاندا بە تەمای چییە.

لە ڕاستیدا ئەگەر پارتی کرێکارانی کوردستان بە تەمایە کە باڵ بکێشێ بەسەر هەموو جوگرافیای کوردستاندا و وەك بەرنامە و پێڕەوکەی . هەڵبەت ئەوییش زۆر گونگ و نامفهوومە . هەستێ بە یەکسان سازیی کۆمەڵگای کوردستان، بە تەئکید دەبێ بڵێین لەم پلانەیدا شکست دەخوات و هاوکێشە سیاسیەکان و پێشکەوتنەکانی دونیای ئەمڕۆ بە ئێمەی سەلماندووە کە داهاتووی جیهان شوێنێکی بەرتەسك و تەنگە بۆ سیستمە دیکتاتۆرییەکان. بۆیە بەداخەوە هێشتا پارتی کرێکارانی کوردستان لەم پێوەندییەشدا کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردووە بە سەرباشقەی خۆی و بە هەموو شێوەیەك لە هەوڵی ئەوەدایە کە پێکهاتە و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە دژەگەلییە لە ڕێکخراوە ناڕوونە و ترسهێنەرەکەی خۆیدا پەیڕەو بکات.

ئاکامی ئەم دوو هۆکارە:

هەر بە پێی ئەم دوو هۆیە وێناچێ کە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە لە بیری چارەسەری کێشەکانی لەگەڵ حیزبی دێموکراتدا بێ و وادیارە بە دنەدانی ئێران و پاڵپشتیی کاربەدەستانی سەربازیی ئێران تا ئەو شوێنەی کە بۆی دەکرێ کۆسپ ساز بکات لە ڕێگەی دانووستاندا بە مەبەستی گەیشتن بە ئاشتی و وازهێنان لەو سنوورەی کە بەهیچ شێوەیەك پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە مافی ئەوەی نییە کە لە پاوانی خۆیدا ڕایبگرێ و ئیزن نەدات هیچ هێزێکی دیکە لەو سنوورانەوە جموجۆڵ بکات. ڕەنگیشە بە خەیاڵی خۆی ئەوەندە زەختەکەی زۆر بکات کە هێزەکانی حیزبی دێموکرات و خودی حیزبی دێموکرات ناچار بە پاشەکشە بکات. بەڵام خافڵە لەوەیکە ئاراستەبەندی و ڕیزبەندی هێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بە تایبەتی کوردستان گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر هاتووە و ئەگەر پێ کاکا خۆی لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا ئابدەیت و بەڕۆژ نەکاتەوە مەحکوومە بە لاواز بوون و تەریککەوتنەوە.

بەڵگەش بۆ سەلماندی ئەم بابەتە بەڕێ کردنی دوو کەسە بۆ وتووێژ لەگەڵ حیزبدا بە چاوەدێریی حکووومەتی هەرێمی کوردستان کە هیچکامیان ڕۆڵ و دەورێکیان نییە لە بازنەی سیاسەتدانان و بڕیاردان لەم ڕێکخراوەدا، چونکوو یەکیان فوسیلێکی مەعلوومولحاڵی پەککەوتووە کە کەس حسێبی لەسەر ناکات و لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەك حسێبی بۆ ناکرێت و ئەوی دیکەشیان تەنیا گوتەبێژی هەندێ ڕاسپاردەی دەسڵاتبەدەستانی سەرەوەیە، هەر بۆیە پێ کاکا ئەم دەرفەتەی زۆر ناسیاسیانە لەدەست دا و بە کردەوە سەلماندنی کە لەژێر ئامۆژگاری و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئامادە نییە ئەم کێشەیە لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە چارسەر بکات و دەیهەوێ لە ئەهرۆمی هێز و چەك لەم پێوەندییەدا کەڵك وەربگرێ، بێ ئاگا لەوەیکە حکوومەتە یەك لەدوای یەکەکانی پاشایەتی پەهلەویی و حکوومەتی دڕندەی ئاخووندی بە درێژایی حەفتا ساڵ نەیانتوانی بە چەك و چۆڵ و زەبر و زەنگ و تیرۆر، پاشەکشە بە جووڵانەوەی ڕەوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن، ئێستا پێ کاکا بە بێ هیچ پشتیوانییەکی مەعنەویی لە لایەن خەڵکی کوردستانی ئێرانەوە چۆن دەیهەوێ پاشەکشە بە هێزێك بکات کە یەکەم هێزی مودێڕنی کوردی لە هەر چوارپارچەی کوردستان بووە و ئێستاش پرەنسیپە سیاسی و ئەخلاقییەکانی نموونەیەکی حاشاهەڵنەگرن بۆ ئەوەیکە حیزبی دێموکرات ببێتە سەرباشقەی حیزبەکانی دیکەی کوردستان لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا.

# ٣ی جۆزەردان پەڵەیەکی ڕەش بە نێوچاوانی پێ کاکاوە

ئامادە کردن: شەماڵ تەرغیبی

ڕێکەوتی ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی هێزێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بەمەبەستی ئاودیو بوون بۆ سنورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕاپەڕاندنی کۆمەڵێك ئەرکی حیزبی ماوەی چەندین ڕۆژ بوو لەلایەن چەکدارانی پێ کاکاوە گەمارۆ درابوون، کەوتنە بەر دەسڕێژی ئەو هێزانە کە بەداخەوە لە ئەنجامی ئەم پەلامارە شەرمێونانەدا کادری بەوەجی حیزب هاوڕێ قادر کەریمی شەهید و سێ هاوڕێی دیکەش بە ناوەکانی کەریم خراپە، جەماڵ ئیسماعیلی و حیکمەت نەبی‌زادە بریندار کران. بەمەبەستی ئاگادار بوون لە چۆنیەتی ڕووداوەکە و هەندێك لایەنی شاراوەی ئەم ڕووداوە «کوردستان» لێدوانی بەشێك لەو کادر و پێشمەرگانەی کە لە نێو ئەم شەڕە داسەپاوەدا بەرگرییان لە خۆیان کردووە دەخاتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست:بەڕێز کەماڵ خزری کە وەك بەرپرسی ئەم هێزەی حیزب لە ناوچەی کێلەشین بەشدار بووە بەم‌شێوەیە باسی چۆنیەتی ڕوودانی ڕووداوەکە دەکات: «پاش ئەوەیکە حیزب بڕیاری چوونەوەی ئێمە بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەرکرد ئێمە بەرەو شاخەکانی قەندیل لە ناوچەی کێلەشین وەڕێکەوتین. هەر لە یەکەم بازگەکانی پێ‌کاکاوە بیانوو گرتن و بێ‌حورمەتییەکان دەستی پێکرد، بەڵام ئێمە هەر لەسەرەخۆ وەڵاممان دەدانەوە. تا وای لێهات لە چەند بازگەیەکی ئەوان تێپەڕین و لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەواوەتی نیزیك بووینەوە، بەڵام دیسانەوە بیانووگرتنەکان دەستیان پێکردەوە و سەرەڕای ئەوەیکە ئێمە هەوڵێکی زۆرمان دا کە کێشەکان بە زمانی دیالۆگ چارەسەر بکەین بەڵام مەخابن لایەنی بەرامبەر وەك ئەوەیکە بڕیاریان پێ درابێت کە بە هیچ شێوەیەك قسەی مەنتقی قبووڵ نەکەن لە سەر قسەی خۆیان سوور بوون. ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە هێزەکەی ئێمە لەنێوان چەکدارانی پێ‌کاکا و پایگا سنوورییەکانی ئێران گیری کردبوو، بۆیە زیاتر هەست بەوە دەکرا کە ئەمە بەرنامەیەکی لە پێشدا داڕێژراو بێت کە ئێمە لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا گەمارۆ بدرێین. ماوەی چەند ڕۆژ ئێمە لەم گەمارۆیەدا ماینەوە و هەوڵی جیددیمان ئەوە بوو کە کێشەکە بە وتووێژ چارەسەر بکەین بەڵام بەداخەوە چەکدارەکانی پێ‌کاکا وادیار بوو بڕیاری قێزەونی خۆیان بۆ شەڕی براکوژی دابوو هەر بۆیە سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣ی جۆزەردان کاتێك سەیری دەوروبەرمان کرد تەژی لە چەکدارەکانیان بوو کە هەموویان بەرەو پێشمەرگەکانی ئێمە سەنگەریان گرتبوو. دیسانەوە من بە هاوڕێیانی خۆمانم گووت ئێمە شەڕی براکوژی ناکەین بۆیە حەساسییەت نیشان مەدەن تاکوو دەچین لەگەڵیاندا قسە دەکەین. بەڵام لە حاڵێکدا کە ئێمە دەمانهەویست قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین بڕیاری دەسڕێژی فیشەکیان دا و ئێمەش بە ناچاری بۆ بەرگری کردن لە خۆمان تەقەمان دەس پێکرد کە بەداخەوە لە ئەنجامی ئەم تێکەڵچوونەدا هاوڕێ قادر کەریمی شەهید بوو و سێ کەسی دیکەش لە پێشمەرگەکانمان بریندار بوون.»



سەبارەت بە چارەسەری دەرمانی برینداره‌کان کە پێ‌کاکا دەیهەوێ وا نیشان بدات کە لەلایەن ئەوانەوە چارەسەری‌یان بۆ کراوە یەکێکی دیکە لە بەشداربووانی ئەم شەڕە بە ناوی سلێمان میناپاك دەڵێ: «پاش ئەوەیکە براکوژانی پێ‌کاکا زانییان ئێمە تەسلیمی ویستە ناڕەواکانی ئەوان نابین و دژکردەوەی توندی خەڵکی خۆجێیی (ڕەشماڵەکانی ئەو ناوچەیە) ئەو ناوچەیان بینی کە دەیانەویست بێنە یاریدەی ئێمە کوردێکی ڕۆژهەڵاتیان نارد کە لەو ناوچەیە سەرقاڵی کۆڵبەرییە و بە هاوکاری ئەو کەسە توانیمان برینداره‌کان کە بۆ خۆمان پێشتر برین‌پێچمان کردبوون بۆ شوێنێکی دوورتر لە شەڕەکە بگوازینەوە. ئەوەیکە پێ‌کاکا دەیهەوێ وانیشان بدات دوورە لە ڕاستی و مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو ناوچەیە بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە و زۆر سروشتییە کە ئەو بریندارانە و شەهیدەکەمان بکەوێتە دەستی ئەوان. تەنانەت بۆ ئاگاداریتان بەپێی قسەی بریندارەکانمان گەریلاکانی ئەوان زۆر بە بێ‌حورمەتییەوە هەڵس وکەوتیان لەگەڵ کردبوون.» دوابەدوای ئەم ڕووداوە و ڕوماڵ کردنی لەلایەن میدیاکانی باشوورەوە هەندێك کەس و لایەن هەوڵیان دەدا ئەسڵی ڕووداوەکە بەلاڕێدا ببەن و وەها پیشان بدەن کە ئەمە تەنیا دەمەقاڵەی نێوان دوو سێ گەنج بووە کە ئەو خەسارەی لێکەوتۆتەوە. لەمبارەوە هاوڕێ بەهمەن دێهقان یەکێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی حیزب کە لەو جەریانەدا حووزوری هەبووە دەڵێ: «ئەم مەسەلە دوورە لە ڕاستییەوە و تەنیا بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتییە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە هێزەکانی پێ‌کاکا بە بڕیاری پێشوەخت خۆیان ئەم کارە ناڕەوایان ئەنجام دا و ئەم شەڕەیان خوڵقاند. ئەگینا ڕەوشەکە دوور لە هەرچەشنە ئێحساساتێك بوو و پاش قسە و باسێکی زۆر و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکە لە ڕێگەی دیالۆگەوە ئەم کردارە ئەنجام درا. بۆ سەلماندنی قسەکەشم ئەوەندە دەڵێم کە ئەوان بە هێزێکی پوشتەو پەرداختی زیاد لە ٢٠٠ کەسەوە پەلاماری ئێمەیان دا. ئایا ئەمە شەڕ و دەمەقاڵەی نێوان چەند گەنجە؟» بەپێی دوایین ڕاپۆرت و هەواڵەکان ناوچەی کێلەشین و دەورووبەری ساڵانە خەڵکێکی زۆری باشوری کوردستان بەشێوەی ڕەشماڵ ڕووی تێدەکەن. هەروەها بەهۆی ئەوەیکە خاڵێکی سنوورییە بەشێکی بەرچاو لە کاسبکارانی سەرسنوور لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لەو شوێنە دەمێننەوە و تێپەڕ دەبن. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دژکردەوەی ئەو خەڵکە مەدەنییە لە سەر بینینی ئێوە وەك پێشمەرگەکانی حیزب و ڕوودانی ئەو شەڕە داسەپاوە چی بوو؟ هاوڕێ حسەین حەسەن‌نیا یەکێکی دیکە لە بەشداربووانی ڕووداوی کێلەشین وتی: «پێش ئەوەیکە شەڕەکە دەس پێبکات ئێمە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لەو ناوچەیە مابووینەوە و چاومان بە زۆرێك لە هاووڵاتیانی باشور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبوو. بڕواتان بێت حەز و خۆشەویستی و شادۆمانییەکی لەرادەبەدەر لە ناخیاندا هەستی پێدەکرا کاتێك کە دەیانزانی ئێمە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانین. تەنانەت لەو ماوەیەدا کە ئێمە گەمارۆ درابووین و چەکدارانی پێ‌کاکا هەڕەشەیان لە ڕەشماڵەکان کردبوو چەندین کاسبکاری سەر سنوور و هاووڵاتیانی باشوری کوردستان لە هەوڵدا بوون یارمەتییەکانیان بە ئێمە بگەیێنن کە لە هەندێك حاڵەتیشدا توانییان ئامانجەکانیان بپێکن.»

# وتووێژی «کوردستان» لەگەڵ شایەتحاڵانی کارەساتی ٣ی جۆزەردان

ئامادەکردن: عارف وەلزی

سدیق دەروێشی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی تیمە بەرێکراوەکانی ناوەندی ٣ی کوردستانە بۆ ناوچەی کێلەشین.

کوردستان: بەڕێز سەدیق دەروێشی فەلسەفەی چوونی ئەو هێزە بۆ ئەو ناوچەیە چی بوو؟

دەروێشی: لە ڕاستیدا ئامانجمان لە چوون بۆ ئەو ناوچانە بریتی بوو لە کاروباری تەشکیلاتی و تەبلیغاتی. دەمانەویست لەو ڕێگایە دەرباز بین و بڕۆین بۆ ناوچە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانمان، چوونکە پێشتر بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو. بەڵام بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانمان پێویست بوو کە ماوەیەك لەوی □ بمێنینەوە و زانیاری پێویست لەسەر ناوچەکە کۆ بکەینەوە.

کوردستان: چی بوو بە ڕێگر و بەربەست تا ئەو هێزە نەتوانێ کارەکانی بکات؟ بە بڕوای ئێوە چی هێزی بەرانبەری هان دا کە ئەو شەڕە دروست بکات و دژکردەوەی ئێوە چی بوو؟

دەروێشی: هەر لە سەرەتاوە برادەرانی «پ ك ك» کێشەیان بۆ دووست کردین و ئێمە هەر سەرقاڵی ئەو کێشانە بووین. چەندین ساڵە کە «پ ك ك» ئەو شوێنانەی کردووە بە موڵکی خۆی و ناوی هەرێمی پاراستنی میدیای لێ ناوە، دیارە بۆ خۆیان دەڵێن کە سنووری دەستکردمان لا بردووە و هەروەها لە میدیاکاندا دەڵێن کە ئێرە شوێنی هەموو کوردێکە، بەڵام لە کردەوەدا بە پێچەوانە هەڵسووکەوت دەکەن. ئەوان لەو شوێنانەدا هەندێك بەرژەوەندییان هەیە کە بۆ پاراستنیان هەماهەنگی تەواویان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە. بۆیە پێیان وایە کە بوونی ئێمە مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانیان، هەر بۆیە دەستپێشخەرییان کرد و پێچەوانەی لێدوانەکانیان، تەقەی ڕاستەوخۆیان کرد و پێشمەرگەکانی ئێمەش بە دیفاع لە خۆیان دەستیان کردەوە.

کوردستان: گۆیا ئێوە دیلتان هەبووە، هەڵس و کەوتتان لەگەڵ ئەو دیلانە چۆن بوو؟ بۆ ئازادتان کردن؟ چونکو ئەوان موزایدەی زۆری سیاسی و ڕاگەیاندنیان بە بریندارەکانی ئێمەوە کرد، چۆن بەراوردی ئەو دوو هەڵس وکەوتە دەکەی؟ دەروێشی: بەڵێ لە ڕێگای «کەرگەوزێن» و بناری چیای «سیاکێو»، لە کاتێکدا خۆمان ئامادە دەکرد و لە هەندێك شوێنی ئیستراتژیك هێزەکانی خۆمان سازمان دا. دواتر ئەوان بە نییەتی شەڕ و لێدانی ئێمە و بە چەکەوە هاتن بەرەوڕومان، ئێمە دووانمان لێ بەدیل گرتن. دوای قسە و باسێکی زۆر هەردووکیان و بەتایبەت یەکێکیان کە ڕۆژهەڵاتی بوو داوای لێبوردنیان کرد و ئێمەش ئازادمان کردن چونکوو لە کولتوور و فەرهەنگی حیزبی دێموکراتدا کە تەبایە لەگەل هەموو یاسا و ڕێسا جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، بێ ڕێزی بە دیل ناکرێ و ئازاد دەکرێ و کەرامەتیان دەپارێزرێ.

بەڵام هەر وەك خۆتان ئیشارەتان پێ کرد ئەوان مۆزایدەی زۆریان بە تەسویری پێشمەرگە بریندارەکانی ئێمەوە کرد و ئەم کارەشیان تەنیا بۆ فریودانی بیروڕای گشتی بوو. ئەگینا شەڕی براکوژییان دەست پێ نەدەکرد.

زاهید خەلیل زادە ئەو کەسە بوو کە پێ کاکا وەك فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە فیلمەکەیاندا ناویان دەبرد

کوردستان: کاك زاهید خەلیل زادە میدیای سەر بە «پ ك ك» لە تەسویرەکاندا وەك فەرماندەیەکی هێزەکانی حدکا ناوتیان بردووە، ئایا فەرماندەییت دەکرد یان بە مەبەستێکی دیکە چووبووی بۆ لایان؟ خەلیل زادە: من وەك فەرماندە نەچووم بۆ ئەوێ، من تەنیا وەکوو پەیام گەیەنێك چووم بۆ لایان.

حیکمەت نەبی زادە یەکێك لە برینداره‌کانی ئەو ڕووداوەیە و لە زاری خۆیەوە و لەوپەڕی ڕاستبێژیدا ڕووداوەکەمان بۆ دەگێڕ□یتەوە

کوردستان: چیتان کرد تا شەڕە تەقە نەهێتە گۆڕێ؟ نەبی زادە: لە کاروباری سەربازیدا کاتێك دەورووبەرت و بەتایبەت لای سەرووت لێ دەگرن، خۆی واتادارە و بە هەڕەشە بە ئەژمار دێت. ئێمە ٦ کەس بە چەکەوە چووین بۆ لایان، بۆ ئەوەی حەساسیەت دروست نەبێت تەنانەت چەکەکانمان سووار نەبوون لە دووری ٧٠ میتری دەنگیان داین و وتیان ڕاوەستن، ئێمەش هەموومان وتمان نەهاتووین بۆ شەڕ و براکووژی و هاتووین بۆ دانووستان و تەنانەت چەکەکانیشمان پیشان دان، دووایی کە گەیشتینە مەودای ٤٠ مەتری فەرماندەی تیمەکەی ئێمە وتی لێرە بوەستن خۆم دەڕۆم بۆ لایان، ئێمە ڕاوەستاین، دوای چەن مەترێك دیسان دەنگیاندا و وتیان بگەڕێوە و ئەویش چەند مێترێك هاتە دوواوە و هەمووومان لە جێگەی خۆمان دانیشتین. ماوەی ١٥ خولەك بێدەنگی زاڵ بوو، دوای دەنگی نیزیك بە ١٥ تا ٢٠ فیشەکمان بیست بەڵام نەمانزانی ئەو تەقەیە لە کێ کرا، دوایی ئەو تیمەی کە لای سەرومان بوو و بەسەرماندا زاڵ بوو دەستی کرد بە تەقەی ڕاستەوخۆ و بە سەدان فیشەکیان بە ئێمە وەنا.

کوردستان: چۆن و لە چ کاتێکدا بڕیارتان دا کە دەست بکەنەوە؟

نەبی زادە: کاتێك دیمان بە نییەتی کوشتن بە «قەناس» و «بی کەی سی» و «کلاشینکۆف» بە دەیان کەس و بگرە زیاتر تەقەمان لێ دەکەن، بڕیارماندا کە دەست بکەینەوە و بەرگریی لە خۆمان بکەین.

کوردستان: موزایدەی زۆریان بە تەسویرەکانی ئێوە کرد، چۆن بوو کە کەوتنە دەست چەکدارانی «پ ك ك»؟ خۆتان چوون یا بەدیل گیران؟

نەبی زادە: هیچ کەسمان بە دیل نەگیرا، بەڵام کاتێك هێرشیان کردە سەرمان و دووای ٢ کاتژمێر هەر خۆیان ئاگربەستیان ڕاگەیاند، هێزی ئێمە بڕیاریدا کە بڕۆینە خوارێ. ئێمە هیچ داوایەکی پزیشکیمان لەوان نەکردبوو و تەنانەت بە باشی برینپێچ کرابووین بەلام لە کاتی هاتنەخوارەوە ڕێگەیان لێ گرتین و بۆ مانۆر و فریودانی ڕای خەڵکی و داپۆشینی جینایەتی شەڕی براکوژی، جارێکی دیکە و لە بەرانبەر چاوی کامێراکان دیسان برینەکانی ئێمەیان کردەوە و سەر لە نوێ بەستییانەوە و بە هۆیەشەوە ماوی ٢ کاتژمێر فیلمیان لێ هەڵگرتین.

کوردستان: چ جیاوازییەك لە ڕەفتارییاندا بەدی دەکرا پێش لە وێنەهەڵگرتن و لەکاتی وێنەهەڵگرتندا؟

نەبی زادە: من داوام کرد کە بۆ تەسویرمان لێ دەگرن؟ کوتم ئەوە کارێکی باش نییە و مەکەن، لە وەڵامم دا فیلمبەردارەکە بە زمانێکی زبرەوە وتی: «تۆ برینداری، ئێرەش خاکی ئێمەیە، ئەوەش کاری منە» واتە بە زمانی ئاماژە هەڕەشەی لێ کردم کە ئیتر ئەم قسەیەم دووبارە نەکەمەوە. بۆیە جیاوازیی زۆر هەبوو لە ڕەفتارەکانیاندا.



# پەکەکە و بێئەخلاقیی سیاسی

نووسەر: م. ڕۆژهەڵات


وێنە: ڕەحیم گەرگوولی

بەر لە ساڵی ١٩٩٩ پ ک ک. لە ڕۆژهەڵاتدا هیچ ڕێکخستنێکی نهێنیی نەبووە و ئێران وەکوو هێزێکی دژە تورکیا، وەکوو کارتێك دژی ئەو دەوڵەتە سەیری کردووە. لە کاتی گیرانی بەڕێز ئۆجەلان بەدواوە، کاتێك پەکەکە هێز و پوتانسیەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بینی، کەوتە بیری بەکار هێنانی ئەو پوتانسیەلەوە. لەو کاتەوە ئیتر ئەو هێزە جەماوەرییەی ڕۆژهەڵات بووە کانگایەکی مەتریاڵ و وزە بۆ ئیمپریالیزمی پارچەیی؛ ئیمپریالیزمی پارچەیی لێرەدا مانای ئەوەیە کە حیزبی پارچەیەك، هێز و وزەی پارچەیەکی تری کوردستان بەکار بهێنێت بەبێ ئەوەی بیەوێت خەبات لە پارچە ژێردەستەکەدا بکات. کاتێك کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەبەر ساوابوونی ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕگەیەکی زەمەنیدا بڕیاریان دا خەباتی سیاسی خۆیان لەچاو خەباتی چەکداری زیاتر زەق بکەنەوە و کاتێك لە کەش و هەوایەکی زۆر بێڕەحمانەدا ئەو هێزانە کەوتبوونە بەر لێشاوی تیرۆر، هەر لایەنێك هەوڵی خۆی دا کە زۆرترین هێزی مرۆیی لەم شوێنە بە بەرەکەتە هەڵبهێنجێت.

دیارە لەبەر ئەو کەشوهەوا نالەبارەی کە بە هۆی دامەزراندنی هەرێمی کوردستانەوە بەسەر بزووتنەوە و خەباتی ڕۆژهەڵاتدا باڵی کێشابوو، کوردی ڕۆژهەڵات بەگومانەوە سەیری هەوڵەکانی حیزبەکانی باشووری دەکرد و ئەمە زەمینەیەك بوو بۆ ئەوەی پەکەکە دەستی ژوور لەنێوان ئیمپریالیستەکاندا پەیدا بکات. بەڵام دوو بەربەست لەپێش ئەم تاکڕەوییەی پەکەکەدا بوونیان هەبوو:

یەکەم: ئێران لەگەڵ ئەوەیدا کە پێی خۆش بوو لایەنگریی کوردی ڕۆژهەڵات بۆ حیزبەکان کەم ببێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی ڕیسکی سەرهەڵدانی هێزێکی تر بکات. ئەم بەربەستە بە ڕێککەوتنی پەکەکە لەگەڵ ئێران بەشێوەیەك چارەسەر بوو کە ستراتیژیی پەکەکە ببێت بە "دەرخستنی شەرڤان"، واتە خاڵی کردنی ڕۆژهەڵات لە شۆڕشگێڕ. ئاشکرایە ئەم ستراتیژییە بە سوودی هەردوولا بوو.

دووەم: بەربەستی دووەم بریتی بوو لە بەهێز بوونی نەتەوەخوازی و خۆشەویستیی خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. ئەم بەربەستەیش دەبوو پڕوپاگەندای ژاراوی و ناولێنانی وەکوو "حیزبی کلاسیك"، "حیزبی سوننەتی"، "حیزبی لایەنگری ناسیۆنالیزمی سەرەتایی" و ئەو چەشنە چەمکانە چارەسەر و لاڕێ کرابا. ئەمەیش دیارە کاردانەوەی لەلایەن لایەنگرانی ئەو حیزبانەوە بەدواوە بوو. هەرچەند لە هەل و مەرجێکدا کە بارودۆخ بۆ کاری پەکەکە زۆر کراوە بوو، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو پڕوپاگەندایە گەلێك دژوار بوو.

بۆ خۆڵ لە چاوی خەڵك کردن و نیشان دانی ئەوەی کە ئەوان دەتوانن جێگەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات پڕ بکەنەوە، پەکەکە بە شێوەیەکی ڕواڵەتی و هەڵخەڵەتێنەرانە و بە ناوی پەژاکەوە کەوتە شەڕی ئێرانەوە. ئەوەی کە ئێستا وەك ئەنجامی ئەو شەڕە لە پێش دەستدایە، لێدانی پاسگای پۆلیسی هاتوچۆی ڕوانسەر، بانە، سەوڵ ئاوا و کوێ و کوێن. بەڵام ئەنجام و دەستکەوتێکی بەرچاو، پاش دەستێوەردانی ١٦ ساڵەی پەکەکە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتدا بەدی ناکرێت.

ڕووداوی شاخی جاسووسان و پاشتر ڕێککەوتنی پەژاك و ئێران و پاشتر ڕاگەیاندنی کۆدار، پرسی جیددیی لەلای خەڵکی ڕۆژهەڵات دروست کرد. لێرەدا ئەو پرسیارە لە مێشکی خەڵکدا گەڵاڵە دەبێ کە ئەگەر ئەمان دەڵێن کە هۆکاری بوونیان لە ڕۆژهەڵاتدا، نەبوونی حیزبە کلاسیکەکانە، ئەدی پاش ئەو ڕێککەوتنە، هۆکاری هەبوونی ئەوان چی دەبێت؟!

ئەوەی ڕاستی بێت ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕی سووریا و شەڕی داعش و پاشتر شەڕی کۆبانی، ڕێی لە ڕەنگدانەوەی ئەو پرسیارانە گرت. هەرچەند بوونی پەکەکە لە میحوەری ئێران-سووریە-حیزبوڵڵادا و یەکگرتن لەگەڵ توندترین لایەنە چەپەکاندا و پشت گوێ خستن و بەرهەڵست بوونەوە لە هەمبەر خەونی دەوڵەتی کوردی و دژایەتی کردنی هێما و سیمبۆلە نەتەوەییەکان وەك ئاڵای کوردستان و دەست کردن بە پارچەپارچە کردنی کوردستان بە ناوی کانتۆن و کرداری هاوشێوە و تەنانەت باس کردن لە نەتەوە نەبوونی کورد، بووە پرسیاری جێگرەوەی ئەو پرسیارانە.

ئێستا کە هەر ئەو گۆڕانانە بۆتە هۆی ئەوەی کە زنجیر لە دەست و پێی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بکرێتەوە و بتوانن هەوڵێك بدەن کوردی ڕۆژهەڵات بهێننەوە نێو هاوکێشە سیاسییەکانەوە، پەکەکە لە سێ شت زراوی چووە. یەکەم ئەوەی کە لایەنێك بەو لایەنانەوە زیاد دەبێت کە باسی دەوڵەتی کوردی دەکات و دیارە ئەمە بە زیانی پەکەکە دەبێت.

دووەم، دیارە ئەو هێزانە لە میحوەری ئێران-سووریە نابن و ئەمە قورسایی ناوچەیی پەکەکە دەخەنە مەترسییەوە.

سێهەم، پەکەکە سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ دەرخستنی شەرڤان و هێزی مرۆڤی لە دەست دەدات.

بۆیە پەکەکە بە هەموو هێز و توانایەوە کەوتۆتە خۆڵ لە چاوی خەڵك کردن و ئەوپەڕی بێئەخلاقیی سیاسی دەنوێنێت. لەو پەرچەکردارانەی کە ئەم ماوەیە لە پەکەکەی دەبینین و دەخرێنە خانەی بێئەخلاقیی سیاسییەوە ئەمانەن:

-هاتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات پلانێکە بۆ تێکدانی ڕەوتی هەڵبژاردن لە تورکیا!! ئەوە درێژەی هەمان ڕوانینە کە پرسی ڕۆژهەڵات لە چاویلکەی بەرژەوەندیی باکوورەوە سەیر دەکات. ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە ئەنجامی نەرێنی و ئەرێنیی یەك کردەوە لەسەر شانی ئەو لایەنەیە کە بکەری کردەوەکەیە و لێدوانی لەو شێوەیە تەنیا خۆڵ لە چاوی خەڵك کردنە.

— کاتێك هێزەکانی لە شاهۆ و دیکەی شوێنەکانی ڕۆژهەڵات دەکشێنێتەوە کە سنوورەکانی ئێران لە قەندیل پتەو بکات، بەوپەڕی بێئەخلاقییەوە ئەوەیش دەنووسێتە نێو کارنامەی خەباتی خۆی لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا. دیارە ئەمەیش خۆڵ لە چاوی خەڵك کردنە و خەڵك کارنامەی ئەم ١٦ ساڵەی کاری پەکەکە لە ڕۆژهەڵات دەزانن.

— بۆ شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵات کەڵك لەو هێزانەی ڕۆژهەڵات کە لەنێو پەکەکەدان، وەردەگرێت. ئەوەیش بێجگە لە مەبەستی نانەوەی ئاژاوە چی تری لێ نابینرێت. لەبیرمان ناچێت لە شەڕی پەکەکە لەگەڵ یەکیەتیدا لە ناوچەی قەرەداغ، زۆربەی ئەو کەسانەی کە گیانیان لەدەستدا ئاخێوەرانی سۆرانی بوون. بە ئامراز سەیر کردنی گەریلا و نانەوەی ئاژاوە بۆ پاشتر، سەرەکیترین مەبەستەکانی ئەو پلانە بوون.

— کاتێك کە هەموو فەزای کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵات داوا لە پەکەکە دەکەن کە داوای لێبوردن بکات لەو خوێنەی بۆ پاراستنی سنوورەکانی ئێران ڕژاندوویەتی، ئەو باسی کوشتنێك دەکات کە بە وتەی خۆیان بەناوی حدکاوە کراوە و داوای ڕوونکردنەوە دەکات.

— فیلمێك بڵاو دەکاتەوە کە گوایە خەریکی تیمارکردنی بریندارەکانی ڕۆژهەڵاتن. ئەو فیلمە بێجگە لەوەی بیری فیلمی لەو جۆرەی حکوومەتەکانی ناوچەمان دەخاتەوە، ئامادەیی بۆ پەکەکە بۆ پێکدادانەکە و پڕوپاگەندای پاش ئەوەیش نیشان دەدات. ئەوەیش دیسان بۆ خۆڵ لە چاوی خەڵك کردنە و بۆ ڕێگرتن لەو پرسیارە کە گەلۆ، پەکەکە ئەو کوشت و بڕەی لە چییە.

-بڵاویان کردۆتەوە کە ئەم هاتنەوەیەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە پشتیوانیی بارزانی بووە و ئەمە بە زیانی پەکەکە و هێزە هاوپەیمانەکانیەتی. ئەمەیش هەمان بێ ئەخلاقیی لایەنێکە کە ڕێ بە خۆی دەدات هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی سووریا و تەنانەت دەوڵەتی عێراق بێت، بەڵام کەمترین جووڵانەوەی لایەنەکانی تر بە ناوی هاوپەیمانییەوە لەقاو بدات.

لێرەدا مخابن بێ ئەخلاقترین هێزی بەناو کوردی دەبینین کە بۆ بردنە سەری ئامانجە ناڕەواکانی خۆی هەر چەشنە بێ ئەخلاقییەکی سیاسی ڕەوا دەبینێت و دەیکات. کردارێك لە لانیکەم لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێگە و پێگەیەکی ئەوتۆی نەبووە و نایبێ.

## جووت حەوت

هەوراز

گەشتێك لە نێو ئاپاچییەکاندا

با لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە بڵێین کە لێکچوونی ناوی ئاپاچییەکانی ئێمە لەگەڵ ئاپاچییە سوورپێستەکانی ئەمریکا یان ئاپاچییەکانی هەر شاخ و قوژبنێکی دیکە، ڕەنگە بە ئەنقەست نەبێت و ئێمە نە بە فیتی میتی تورکیا هەڵدەسووڕێین، نە بە پیلانی سی.ئای.ئەی یان مووساد یان هیچ دەزگایەکی سیخوڕیی دیکە. تاقە دۆلارێکی هەر لایەنێکی دیکەش لە ماڵمان حەرامە و هەر لە خۆمانەوە سەرمان لە کێشە دەخورێ و ناتوانین مەڕ و مورید و سۆفیلکە بین.

ئاپاچییەکان توێژێکی سەیر و سەمەرەی ئەم جیهانەن کە سەریان لە چاخی کۆمۆنی سەرەتایی و لاقیان لە داهاتووی وەهماویی کۆمەڵگای بێ تەبەقەی تەوحیدیی ئاپاچیگەریدا لە خەیاڵپڵاوێك گیری کردووە کە پێی دەڵێن «خواسەریی خۆمۆکراتیك» و لەوێدا «بێ کوێخا ژیان نابێت و ژیانیش بۆ کەسانی غەیری ئاپاچییان نابێت» و کوێخا نەك هەر خۆی بە سێبەری خودا لە سەر زەوی نازانێت، بەڵکوو خودا بە سێبەری خۆی لە سەر ئاسمان دەزانێ. ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ڕازی دڵی ئاپاچییەکان بە پێویستمان زانی بە شێوەی مەیدانی خانەکانی مێشکی چەند کەسێکیان بکەینەوە بزانین ڕا و بۆچوونیان لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی دەڤەرەکە چییە؟

یەکەم کەسیان ناوی «شەمە پەنچەرچی»یە کە بە ژیربێژی و حیکمەت بەناوبانگە. هێندە سەربەخۆیە کە ئیتر بێ تامی کردووە. دەڵێن قژی لە ئاشی ئاپاچیگەریدا ئارداوی کردووە، بەڵام سێ تەڵاقەی خستووە کە سەر بە هیچ لایەنێك نیە، ئاخۆ ئەوان کوێخای مەزن بە لایەن و حیزب و شتی وا نازانن هەر بۆیە ئاساییە ئەگەر سەریان لە توورەکە بەپیتەکەی ئەودا بێت و تۆزقاڵێکیش لە سەربەخۆییان کەم نەبێتەوە. لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا کە: بۆ چی تۆ بە خۆت دەڵێی بێ لایەن، بەڵام لەگەڵ وەفدی لایەنێك دەچی بۆ دانوستان لەگەڵ لایەنی دیکە؟ دەڵێ: «سەیارەکەیان پەنچەر بوو، بە هەڵکەوت تووشی یەکتر بووین، داوایان لێم کرد بیانگەیەنم و نانی نیوەڕۆ پێکەوە بین». هەر بەو ئاسانییە. کەوابێ ئەگەر سەیارەکەی ئاغای عەراقچی و زەریفیش پەنچەر بێت، شەمە پەنچەرچی پاش گرتنی پەنچەریی سەیارەکەیان لەگەڵیان دەچێت بۆ وتووێژە ئەتۆمییەکانی لووزان.

یەکێکی دیکەیان ناوی «تۆفیق دڵۆپە»یە کە لێی دەپرسین: «کاتێك کە دوو لایەن بڕیار بوو تا چەند سەعاتی دیکە بە شەڕ بێن و لایەنێکیان داوای لە تۆ کردبوو پەیامی ئاشتیی بگەیەنی بە ئەوی دیکە، بۆچی ئەوەت نەکرد؟ دەڵێ: «بە خولای تەلەفۆنم کرد، کەس لە دیوەخان نەبوو گووشییەکە هەڵبگرێت». جا ئێمەش هەر زوو دەمانزانی ئەو دیوەخانە مەلای تێدا نییە، بۆیە لە هەر کوێ کەڵەشێرێکی دۆزیوەتەوە، ناوی ناوە بڵقاسم و کردوویە بە یاسین خوێنی سەر قەبرستانی جوولەکەکان و پێشنوێژی ئەم گوند و ئەو گوند.

یەکێکی دیکەیان هەڤاڵێکە کە عاشقی پیاسەکردن لە شەقامی پاسدارانی تارانە و زۆریش پێی خۆشە جارێك وەك ئیسکۆرتی زەریف بچێت بۆ قاوەخواردنەوە لەگەڵ گرووپی ٥+١. هەر بۆیە ناوی خۆی ناوە «هەڤاڵ پێنجشەمە+١». ئەمەیان تێزێکی سەرنجڕاکێشی هەیە کە دەڵێ: «دەوڵەت نەتەوە لادان لە شارستانیەتە بۆیە ئێمە کە زۆر زیرەکین ئەو تەوقە دەکەینە ملی داگیرکەرانی کوردستان با هەر پێوەی بناڵێنن و ناهێڵین کورد خۆی تووشی دێوەزمەی دەوڵەتی کوردی بکات. «هەڤاڵ پێنجشەمە +١» دەڵێ ئێمە باوەڕمان بە سنوورەکانی دەستکردی مرۆڤ نیە، بەڵام بۆ خۆی باخچەیەکی تەلبەند کردووە کە تۆزێك گەورەیە و کوردستانی بە تەواوەتی تێ کەوتووە و دەڵێ چۆلەکە بە سەر باخچەکەمدا بفڕێ دەیکەمە «جووجە کەباب».

یەکێکی دیکە ناوی «حەمە ساڵح بەگی سێ کانتۆن» ناسراو بە «ساڵە بەلژیکی»یە کە لە پڕێکدا بووە بە کوڕێك و دەڵێ هەر کەسێك دژی مەلا خامنەیی ڕێبەری موستەزعەفانی کانتۆنەکانی ئەم دنیا و ئەو دنیا جووڵە یان فزەیەك بکات، ئەوە دەیهەوێ دیوەخانی من و خانی خانان بشڵەژێنێت. جا لێرەدا ئەگەر دەتانهەوێ بڵێین «کێ باسی لە جەنابت کرد؟» پێم وا بێ ئیتر کاتییە.

تا لە بیرمان نەچووە دەبێ ئاوڕێکیش لە ئەوڕەحمانە حەیاتەکە بدەینەوە کە شاهکاری خیلقەتە و بە مەلا حەسەنیی کوردستان ناسراوە و هێمای ژیربێژی و حیکمەت و مامۆستای بواری سیاسەت و فەلسەفە و هەندەسە و شۆڕش و ترانزیتی کۆکایین و هەڵبەت پیتزافرۆشی لە هەر چوار پارچەی کوردستانە. بە داخەوە لەم ڕۆژانەدا حاجی بێدەنگە و ئۆگرانی تەنزی سیاسیی تووشی خەمۆکی کردووە. بۆیە چاوەڕێ دەکەین بێتە دەنگ و وەك جاران بچریکێنێت کە: «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وای لێ □ هاتووە سەگ خاوەنی خۆی ناناسێت».

داسەپاندنی شەڕ لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە ناوچە سنوورییەکان کێلەشێنی شاری شنۆ، هەڵوێست و کاردانەوەی توندی حیزب و ڕێکخراوە و لایەنە کو ر د ستا نییە کا نی هەر چوار پارچەی کوردستانی لێ کەوتەوە. لێرەدا دەقی بەشێک لە ڕاگەیەندراو و بەیاننامەی هاوسۆزی ئەو لایەنانە بڵاو دەکەینەوە. بەڵام بە هۆی زۆر بوونی ڕا گە یە ند را و ە کا نی لایەن و ڕێکخراوەکان لە نێوخو و دەرەوەی وڵات، نەمان توانی هەمووی ئەو ڕاگەیەندراوانە بڵاو بەکەینەوە، بۆ خوێندنەوەی هەموو بابەتەکانی پێوەندیدار بەم ڕووداوە، دەتوانی سەردانی سایتی «کوردستان میدیا» بکەن

## مستەفا هیجری لە گەڵ کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سنای ئامریکای کۆبووە

ڕێکەوتی ١١ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، بەڕێز مستەفا هێجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،لە درێژەی چالاکییەکانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەگەڵ کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سنای ئامریکا کۆبووە. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە لایەن کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سنای ئامریکا بە گەرمی پێشوازی لێکرا. سەرەتا، مستەفا هێجری ئامانج لەم سەردانەی خۆی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەو نیگەرانیانەی کە لە هەمبەر بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و ناوچەکە هاتووەتە ئاراوە، تەنیا نیگەرانی حیزبی دێموکرات نیە و تەواوی دۆستانی ئامریکاش لە ناوچەکە ئەو نیگەرانیانەیان هەیە. هێجری لەو کۆبوونەوەیەدا، لە هەمبەر قسەکانی باراك ئۆباما سەبارەت بە گرووپی داعش کە نیگەرانییەکی هاوبەشی ئێران و ئامریکایە، باسی ئەوەی کرد کە ئەمە لێدوانێکی دروست نییە، ئەگەر ئێمە وا بزانین ئامریکا و ئێران لە هەمبەر داعش یەك ئاراستەیان هەیە. سکرتێری گشتیی حیزب ڕایگەیاند، ڕێژیمی ئێران یەکێك لە گەورەترین مەترسییەکانی سەر ئاسایشی ناوچەکەیە و نیشانی داوە بۆ تێکدانی ئاسایشی ناوچە دەتوانێت هەر کارێك بکات تەنانەت ئەگەر ئەو کارە یارمەتیدان بە داعش بێت. مستەفا هێجری باسی ئەوەی کرد، زانیاری زۆر ڕوون لە ناوەندەکانی بڕیاردان لە ئێران پیشان دەدات، بە پێچەوانەی ئەو شتانەی کە لە میدیا و لە تریبۆنەکاندا دەر دەکەوێت ئێران خەریکە لە ناو سنوورەکانی ئێراندا هەل بۆ داعش دەرخسێنێت بۆ ئەوەی ئەو گرووپە، بتوانێت خۆی ڕێك بخات و هێز بگرێت بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی تایبەت بە کاریان بێنێت. مستەفا هیجری باسی لەوە کرد کە ڕێژیمی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا پێشانی داوە کە تەنیا لە بەرامبەر زۆر و گوشاردا کۆتا دێت. بۆیە پێویستە بزانن ئەگەر هەرچەشنە ڕێککەوتنێك لە گەڵ ئێران بێتە ئاراوە ئەوا بەردەوام بوونی گوشارەکان پێویستە. هەروەها پێویستە ئەو گوشارانە لە سەر ئێران بمێننەوە بۆ ئەوەی ئێران ناچار بکەن کە لە هەمبەر کێشەی مافی مرۆڤدا هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێت. پاشان کارگێڕی پلەبەرزی کۆمیتەی کاروباری دەروەی سنای ئامریکا، ویڕای گرینگ نرخاندنی زانیارەکانی مستەفا هێجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، ڕایگەیاند کە ئەمە هەلێکی کەم وێنەیە کە ئەوان دەتوانن لە شێوە ڕوانینی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاگادار دەبن، لە بەر ئەوەی کە ئەو شێوە ڕوانینە شێوە ڕوانینێکی جیاوازە و گوزارش لە بیروڕای گشتیی ناوچەکە دەکات. ئەو کارگێرە پلەبەرزەی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سنا باسی لەوە کرد، ئەو پرسیار و باسانەی کە هێجری باسیان لێوە دەکات هەر ئەو پرسیار و باسانەن کە ئەوان هەوڵی ڕوونکردنەوەیان دەدەن و لە ئیدارەی ئۆبامای دەپرسن. ئەو ئەندامەی کۆمیتەی سنا باسی لەوە کرد کە گرینگترین پرس ئەوەیە کە ئەگەر ڕێککەوتنێك هاتە ئاراوە پێویستە چ ستراتییژێیك بگردرێتە بەر بۆ ئەوەیکە ئێران لە هەلومەرجی تازە وەك هەلێك بۆ دەستێوەردانی زیاتر لە ناوچە کەڵك وەر نەگرێت. لە درێژەی باس و پرسیارەکانی نێوان ئەندامانی کۆمیتەی سنا و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، ئە کۆمیتەیە ئاماژەی بەوە کرد کە ئەگەر ڕێککەوتنێکیش لە ئارادا بێت تەنیا بۆ زیاتر سنووردارکردنەوەی ئێرانە و هیچ جۆرە دۆستایەتییەك لە نێوان ئێران و ئامریکا نابێت، لەبەر ئەوەی ئامریکا تێدەگات کە هەڵسوکەوتی ئێران بە هیچ شێوەیەك گۆڕانی بەسەردانایێت هێجری لە وەڵامی ئەو پرسیاری بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی ئامریکا لە عێراقدا وتی: سەرەکیترین هۆکاری شکستی ئەو هەوڵانە لە ڕاستیدا دەستێوەردانی ئێرانە. ناوبراو وتی، تەنیا یەك کار دەتوانن بۆ نەجاتی عێراق بکەن و ئەویش ئەوەیە کە دەستێوەردانی ئێران لەوێ کەم بکەنەوە.

## تەرمی شەهید قادر لە گۆڕستانی شەهیدانی ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکرات بە خاک سپێردرا

ڕێکەوتی ٤ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، تەرمی شەهید قادر کەریمی بە ئامادەبوونی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە جێژنیکان بە خاك سپێردرا. ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی شەهید قادر کەریمی بە خوێندرایەوە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی چەند ساتێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتنی لە گیانی پاکی شەهیدان و دانانی جەگوڵینەی ڕێز و ئەمەگناسی لە لایەن <>میرۆ عەلیار>> ئەندامی دەفتەری سیاسی و <>لوقمان مێهفەر>> ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی دێموکرات، دەستی پێکرد. لەو ڕێوڕەسمەدا کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لێدوانێکی پێشکەش کرد و تێیدا هێمای بۆ ئاشتیخواز بوونی دێموکرات و سووربوونی لە سەر خەباتە ڕەواکەی کرد و بەڵێنیی ئەوەی دا کە ڕێگای شەهید قادر درێژەی دەبێت. نوێنەرانی ژمارەیەك زۆر لە حیزب و ڕێکخراو و لایەنی سیاسیی هەر چوار پارچەیی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی شەهید قادر کەریمی دا بەشدار بوون.

## شاندێکی تێکۆشەرانی کوردی باکووری کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد

ڕێکەوتی ١٠ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی تێکۆشەرانی کوردی باکووری کوردستان بە سەرپەرستیی عوسمان ئۆجەلان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی حیزب بە سەرپەرستیی محەممە نەزیف قادری ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێشوازییان لێکرا. لەو سەردانەدا سەرەتا عوسمان ئۆجەلان، وێڕای پرسە و سەرخۆشی لە بنەماڵەی شەهید قادر کەریمی بە دەست چەکدارانی پێ.کا.کا هیوای چاکبوونەوەی بۆ بریندارەکانی خواست. ئۆجەلان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە حیزبێکی بەرپرس لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانی زانی و ڕایگەیاند لە سەخترین و دژوارترین هەل و مەرجدا یارمەتی و هاوکاری هێزە کوردستانییەکان و یەك لەوان پەکەکە کردووە و ئەم حەرەکەتەی ئێستای پارتی کرێکارانی کوردستانی بە نائەمەگناسی بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات زانی و بە توندترین شێوە ئەو هەڵسووکەوتەی پەکەکە مەحکووم کرد و پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات بە هەموو تواناوە دەربڕی. پاشان محەممەد نەزیف قادری وێڕای دەربڕینی سپاس و پێزانین بۆ شاندەکە و بە تایبەت عوسمان ئۆجەلان ڕایگەیاند و وتی، بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە هەموو کات بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەمان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەك داناوە و هەمێشە خوازیاری ئەوەیە چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی ئاشتی و دیالۆگەوە بێ. قادری لە درێژەی قسەکانیدا ڕایگەیاند، مێژووی پڕ سەروەری حیزبی دێموکراتی نیشانی داوە بە ڕەچاوکردنی پرنسیپی ئەخلاق لە سیاسەتدا لە کاتی بڕیار و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیدا سەربەخۆ و لە هەمان کاتدا پاڵپشتی کەسایەتی و هێز و لایەنە سیاسییەکان لە حیزبی دێموکرات بە خاڵی بەهێزی ڕەوایی سیاسەت و هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات زانی.

## ڕاگەیەندراوی سەرۆکایەتیی پارلمانی هەرێمی کوردستان

بەو پەڕی داخ و سەرسوڕمانەوە هەواڵی گرژی و پێکدادانی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان ـ ئێرانمان پێ دەگات. بەناوی پارلمانی کوردستانەوە هۆشداریی توند دەدەینە لایەنە کوردستانییەکان، لە پەنابردن و بەکارهێنانی چەك لە یەکلایی کردنەوەی کێشە سیاسییەکانیان. لە کاتێکدا گەلی کوردستان ڕووبەڕووی مەترسیی تیرۆر و گرژی ناوچەیی دەبێتەوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە سەروبەندی گۆڕانکاری گەورە دایە، نەوەکانی یەك نەتەوە دەست بدەنە چەك دژی یەکتری بە تاوانێکی نەتەوەیی ئەژمار دەکرێت، ئەم جۆرە دووبەرەکییانە هەڵدانەوەی تاریکترین لاپەڕەکانی مێژووی کوردستانە و گەلی کوردستان دووبارە بوونەوەی قەبووڵ ناکات. هەر ئەمڕۆش لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتیی پارلمان لە گەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پارلمانی کوردستان ئیدانەی توندی ئەم ڕووداوانە کرا. لە کۆتاییدا چاوەڕوانی هیچ شتێکی دیکە لەم دوو لایەنە کوردستانییە ناکۆکە ناکەین جگە لە ڕاگرتنی دەستبەجێی گرژییەکان و ڕێککەوتنی کۆتایی لە سەر کێشەکانیان. لێرەشەوە بانگهێشتی سەرۆکایەتیی هەر دوو حیزب دەکەین کە بێنە پەرلەمانی کوردستان و لە ژێر چەتری نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان بە گفتوگۆ کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

سەرۆکایەتیی پارلمانی کوردستان

٢٤ی ئایاری ٢٠١٥ی زایینی

هەولێر

## ڕاگەیەندراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەپێی هەواڵەکان لە ناوچەکانی خنێرە و کێلەشین جێگیر ببوون. پاش جێگیربوونیان هەر وەك لە زمان ڕێبەرانی حدکاوە بە میدیاکان ڕاگەیەندرا لە لایەن هێزەکانی پ‌کاکاوە پێیان ڕادەگەیەندرێ کە پێویستە لەو ناوچەیە نەمێنن و لە هەمان کاتدا بە ئیجازەی پ ك ك لەو سنوورانە هاتوچۆ بکەن. هەر بۆیە بۆ سەپاندنی داواکەیان دەکەونە گەمارۆدانی هێزەکەی حیزبی دێموکرات و پاش چەند ڕۆژ وتووێژی ناڕاستەوخۆی هەر دوولایەن بە داخەوە بەرەبەیانی ئەمڕۆ گریلاکانی پە کە کە هێرش دەکەنە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ئاکامدا یەك پێشمەرگە شەهید دەبێ و چەند پێشمەرگەی‌تریش بریندار دەبن. ئێمە ئەم کردەوەی پ ك ك مەحکووم دەکەین و هەروەها پشتگیری خۆمان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەردەبڕین. بە پێویستی دەزانین جارێکی تر ڕایبەگەیەنین چالاکی و هەڵسووڕان لە سەر خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مافی ڕەوا و بێ ئەملاولای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەزانین. ساڵانێکە ئێمە بە دروست سەبارەت بە مەترسییەکانی سیاسەتی دەستێوەردانی نابەرپرسانەی پ ك ك لە پارچەکانی‌تری کوردستان بە تایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هوشداریمان داوە و ڕای گشتیمان لە زیانەکانی ئاگادار کردووەتەوە. هەر لێرەشەوە سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆمان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی شەهیدەکە دەردەبڕین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکانیش دەخوازین.

سکرتارییەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٤ی مەی ٢٠١٥

٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤

## ڕاگەیاندراوی فراکیسیۆنی پارتی لە پارلمانی کوردستان

بۆ سەرۆکایەیتی پەرلەمانی کوردستان

سڵاو و ڕێز

بەپێی برگەی (٢) لە ماددەی پەنجا و شەش لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی پارلمانی کوردستان و بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی پارلمانی کوردستان. پارلمانی کوردستان بەرپرسیاریەتیی گەورەی دەکەوێتە سەرشان لە یەکلاکردنەوەی کێشە چارەنووس سازەکان و یەکیەتیی گەل و خاکی کوردستان.بۆیە لە ڕوانگەی ئەو بەرپرسیاریەتییە مێژوویی‌یە داوا لە پارتی کرێکارانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین دان بە خۆیاندا بگرن و بە هیچ شێوەیەك دەستیان نەچێتە خوێنی یەکتر، چونکە هەر لەم پارلمانە کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانە هەموو لایەکمان بڕیاری تەحریم کردنی شەری برا کوژیمان داوە و نابێ جارێکی تر لە ژێر هیچ پاساو و بیانوویەك خوێنی کورد بە دەستی کورد بڕژێتەوە. بۆیە داوا دەکەین لە ڕێگەی گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێن. بۆ چارەسەریی کێشەکانیش داواکارین پارلمانی کوردستان شاندێك لە سەرجەم فراکسیۆنەکان بۆ لای هەردوولا بنێرێت و تەواوی ڕووداوەکە و هۆکار و ئەنجامدەرانیشی بۆ ڕای گشتیی کوردستان ئاشکرا بکرێت. لە کۆتایدا هیوادارین یەکریزی و تەبایی گەلی کوردستان لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە بێت.

بژی کورد بژی کوردستان

بژی یەکیەتیی ڕیزەکانی گەلی کوردستان

فراکسیۆنی پارتی دێموکراتی کوردستان

٢٠١٥/٥/٢٤

## ڕاگەیەندراوی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

بەگوێرەی هەواڵەکان سەر لە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی مەی ٢٠١٥، پارتی کرێکارانی کوردستان لە خاڵی سفری سنووریی ئێران و عیراق هێرشیان کردە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەوڵیانداوە کە پێش بە جێگیربوون و هاتوچۆی ئەو هێزانە لەو ناوچەیەدا بگرن. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ئەم هەڵسوکەوت و دەستێوەردانەی پارتی کرێکارانی کوردستان مەحکووم و خاکی کوردستانی ئێران بە زێد و پەناگەی حیزبەکانی ئەو بەشەی کوردستان دەزانێت. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ وەکوو دۆستی هەمیشەیی تێکڕای نەتەوەکانی ئێران و یەکێك لەوانە نەتەوەی کورد، داوا لە هەموو حیزبەکانی ناوچە دەکا کە خێرا پێش بە تەشەنەکردنی زیاتری دەرگیرییەکان بگرن و هەوڵ بدەن ئەم مەسەلە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارەسەر بکەن. دوژمنانی نەتەوە چەوساوەکان لە ناوچە و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران، چاوەڕێی وەها ڕووداو گەلێکە و دەستێوەردانەکانی ئەو ڕێژیمە لە گەشاندنەوەی ئاگرەکە، کاریگەریی لە سەر ئەو جۆرە کارەساتانەدا هەیە و دەبیێت.

سکرتاریەتی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ



# ڕاگەیەندراوی هاوڕێیانی پێشوو

هاورێیانی پێشوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو زۆربەی لایەنەکانی دیکەی کوردستان هەڵوێستێکی شیاویان لە هەمبەر ڕووداوکان و ئەو بارگرژییە کە پ ك ك بە هێرش کردن بۆسەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی کێلەشین دروستی کرد، هەبووە.ئەو هاوڕێیانە لە چەند خاڵدا هەڵوێست و داخوازیی خۆیان بەم چەشنە دەربڕیوە:

١ ــ شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان هەر هێز و لایەنێکی کوردیی نێو بزووتنەوەی کورد بە زیانبار بۆ بزووتنەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا دەزانین. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، وێڕای بە داخبوونمان لە هێرشی گەریلاکانی پێ کاکا بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و مەحکوومکردنی، داواکاریی ڕاوەستانی دەستبەجێی ئەم تێکهەڵچوونە و چارەسەریی گرژی و ناکۆکییەکان لە ڕێگای وتوویژ و دانیشتنی هێمنانەوەین.

٢ ـ پێ کا کا هێزێکی سیاسیی باکووری کوردستانە و چالاکیی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و بوونی هێزەکانیان لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات، نە هەڕەشەیە بۆسەر بەرژەوەندیی پە کە کە و باکووری کوردستان، نە پێشگیری و دژایەتی لە گەڵ ئەم جۆرە چالاکی و تێکۆشانەش، دەچێتە خانەی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی.

٣ ـ لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو هێزە سیاسییەکانی نێو بزووتنەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان داوا و چاوەڕوانیمان ئەوەیە، هەوڵ و هەنگاوی بە پەلە بنێن بۆ ئەوەی ئەم تێکهەڵچوونە، پتر تەشەنە نەستێنێ و هاندەر بن بۆ ئەوەی کێشەو گرژییەکان بە وتوویژ و شێوەیەکی هێمنانە، چارەسەر بکرێن.

٤ ــ سیاسەتی دەستێوەردانی پە کە کە لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستان هەر لە کۆنەوە، سەرچاوەی گرژی و ناکۆکی لە گەڵ هێزە کوردییەکان بووە. لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و سەرجەم هێزە سیاسییەکان دەخوازین بە ڕاشکاوی دژی ئەم دەستوەردانانە و پەنابردن بۆ چەك بۆ خۆسەپاندن بە سەر هێزە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، دەنگی نارەزایەتی هەڵبڕن.

٥ ـ لە هێز کۆکردنەوە و جموجۆڵی هاوکاتی هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پیلانگێڕییان لە دژی هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نیگەرانین. هەر بۆیە داوای وشیاری و لە سەر هەستبوون لە هەموو لایەنەکان بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی نیاز و پیلانە شوومەکانی ئەو ڕێژیمە دەکەین. ئێمە وێڕای دەربڕینی هاوخەمیمان لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی قوربانییەکانی ئەم شەڕ و تێکهەڵچوونە، هیوا دەخوازین بە هەوڵی هەموو لایەك هەر چی زووتر بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و بە لێك تێگەیشتن و هاوکاری، ڕێگاچارە بۆ گرفتەکانی لەمەودوا بدۆزرێتەوە. هیوادارین سەرکردایەتیی پە کەکەش هاوکار و یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ئەم جۆرە ڕووداوانە دووپات نەبنەوە و بزووتنەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە سۆنگەی ئەم جۆرە ڕووداوانە زیانی زیاتر نەبینێ.

# ڕاگەیەندراوی مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستانی

به داخێکی گەڵێك گرانەوە لەم هەلومەرجە ناسکەدا کە گەلی کورد پێویستیی لە هەموو کاتێك زیاتر بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی هەیە، شاهیدی شەڕ و پێکدادان لە نێوان دوو هێزی کوردستانی واتە «پ ك ك» و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووین و گەلی کورد بە دەستپێکردنی شەڕی براکوژی، بۆ جارێکی دیکە خەمناك بوو. ئێمە وەك مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە وردی لەو ڕووداوە دڵتەزێنە ڕوانیومانە و لێکۆڵینەوەمان لە سەر کردووە و بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو شەڕە لە لایەن پە کە کەوە بە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سەپاو، ئەوە لە کاتێکدایە کە گەریلاکانی «پ ك ك» هێرش دەبەنە سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و تەقەیان لێ دەکەن کە بەو هۆیەوە بە داخەوە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەهید دەکرێ و چەند پێشمەرگەی دیکەش بریندار دەبن، بەڵام پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆ لە براکوژی دەپارێزن و تەنانەت تەنیا دیفاع لە خۆیان دەکەن و نایانهەوێت گەریلاکان شەهید کەن و ٩ کەس لە گەریلاکان بە دیل دەگرن و دوای ماوەیەکی کەم ئازادیان دەکەن و نیشان دەدەن کە دژی شەڕی کورد بە کوردن. مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە توندی هەڵایساندنی شەڕ لە لایەن پە کە کەوە مەحکووم دەکەن و هاودەردی و هاوخەمیی خۆیان لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەردەبڕن و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدە قارەمانەکە بە تایبەتی و لە سەرجەم هاوڕێیانی و گەلی کوردستان بە گشتیی دەکەن. داوا لە حیزبە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەین، ئیدانەی ئەو شەڕ و پێکدادانە کە لە لایەن «پ ك ك»ەوە دەستی پێکردووە، بکەن و تێبکۆشن بە دیالۆگ، گرفتەکان حەل کەن، چونکە خەڵکی کوردستان شەڕی براکوژی لە هیچ لایەك قەبووڵ ناکا.

بە هیوای سەرکەوتنی گەلی کوردستان

مامۆستایانی قوتابخانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات

# ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی هاوکاریی «هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان» لە وڵاتی سوید

بەپێی هەواڵەکان ڕێکەوتی ٣ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، گەریلاکانی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان هێرش دەکەنە سەر کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی «خنێرە و کێلەشین» و بە داخەوە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێمۆکرات شەهید دەبێ. ئەم تێکهەڵچوونە پاش ئەوە دەبێت کە کۆمەڵێك لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی چالاکی لەو ناوچەیە جێگیر دەبن کە دوای چەند ڕۆژ لە لایەن گریلاکانی P.K.Kوە داوایان لێ دەکرێت ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەن و پێویستە هەر چەشنە جموجۆڵێك بە پرس و ئیجازەی P.K.K بێت و بۆ سەپاندنی داواکارییەکەیان ئەو هێزە گەمارۆ دەدەن و هەر وەك لە هەواڵەکاندا هاتووە گریلاکانی P.K.K هێرش دەکەنە سەریان و بەداخەوە پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات شەهید دەبێ و چەند پێشمەرگەش بریندار دەبن. لەو پێوەندییەدا «کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان» وێڕای مەحکووم کردنی هێرشی گریلاکانی P.K.K بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چالاکی و هەڵسووڕان لە سەر خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مافی ڕەوا و بێ ئەملاوئەولای حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەزانێت. هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی و کورد کوژی بە دەستی کورد، پیلان و هەوڵی شوومی لە مێژینەی دوژمنانی کورد بووە و پێویستە بە زووترین کات ئەم تێکهەڵچوونە نارەوایە بە هەوڵی دۆستانی هەر دوو لایەن و لە ڕێگەی گفتوگۆ و دیپلۆماسییەوە چارەسەر بکرێت. کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان، وێڕای دەربڕینی هاوخەمی خۆی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی شەهیدی ئەم ڕووداوە نەخوازراوە، هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتر بۆ بریندارەکانیش دەخوازێت.

کۆمیتەی هاوکاریی هێزە سیاسییە کورد و کوردستانییەکان ـ ستۆکهۆڵم

٢٤ی مای ٢٠١٥ی زایینی

٣ی جۆزەردانی ٢٧١٥ی کوردی

# حەوت ڕێکخراوی کوردستانی، هێرشی پەکەکەیان بۆ سەر پێشمەرگە مەحکووم کرد

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکانی کوردستان

سەرۆکایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پارلمان و دام و دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

ئێمە ڕێکخراوی هاوبەشی هێزە کوردستانییەکان لە بلژیك بەداخێکی گرانەوە ئاگادار بووین کە دیسانەوە دەستی غەدر و ماڵوێرانی بەرۆکی گەلی چەوساوەی کوردی گرتەوە و دیسانەوە دوژمنانی گەل دەستیان بە ئاژاوە نانەوە لە نێوان هێزە کوردییەکان کرد و شەڕێکی ماڵوێرانکەری براکوژییان بۆ کورد دروست کرد.بەرە بەیانی ڕۆژی یەکشەمە ٢٠١٥/٠٥/٢٤ی زایینی گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەر سنووری ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پەلاماری دەستەیەك پێسمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان دا و بە داخەوە لەو پەلامارەدا پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبە بەناوی قادر کەریمی شەهید و ٣ پێشمەرگەی دیکەش دیکە بریندار بوون. ئێمە وێڕای ئیدانەکردنی ئەو شەڕە، هاودەردی و هاوخەمیی خۆمان لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی شەهید قادر کەریمی دەردەبڕین و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین. هەروەها داواکارین کە بەپەلە ئەو شەرە ماڵوێرانکەرە کە جیا لە دوژمنان و نەیارانی کورد هیچ قازانجێکی بۆ هیچ لایەن و پارتێکی سیاسی نییە، بوستێنرێت و لێکۆڵینەوەی ورد لە هەڵگیرسێنەران و بڕیاردەرانی ئەو شەرە کوردکوژییە بکرێ و بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکرێتەوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لێ ئاگادار بکرێتەوە. داواکارین ئەم کێشەیە لە ڕێگای دیالۆگ و بە مەنتیقی وتووێژەوە چارەسەر بکرێن.

ڕێکخراوی هاوبەشی هێزە کوردستانییەکان لە بلژیك:

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ بلژیك

ناوچەی بلژیکی پارتی دێموکراتی کوردستان

پارتی سوسیالیستی کوردستان

پارتی یەکیەتیی کورد لە سووریە

حیزبی دێموکراتی کوردستان ـ سووریە

پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سووریە

پارتی یەکیەتیی دێموکراتی کورد

# ڕاگەیەندراوی پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکوور

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاندووە، گریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەر سنووری کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات، گەمارۆی ژمارەیەك لە پێشمەرگەی ئەو حیزبەیان داوە و ناهێڵن بچنەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات. چەند ڕۆژ پێش ئێستا خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ مەحکوومکردنی کارمەندێکی ڕێژیم کە ویستبووی دەسدرێژی بکاتە سەر کچێکی مەهابادی بەناوی فەریناز خوسرەوانی و لە ئەنجامدا گیانی لە دەست دابوو، سەرهەڵدانی نارەزایەتیی لێکەوتبووەوە. لە وەها دۆخێکدا پ ك ك پێش بە پێشمەرگەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگرێ، هەتا نەتوانن بچنەوە ڕۆژهەڵات، لە حاڵێکدا کە هۆکارێکی مەعقووڵ و لۆژیکیی بۆ ئەو کارەی نییە. ئەمڕۆ داعش و ڕووداوەکانی دیکەی سەر سنوورەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە نەتەوەکانی ناوچەکەی خستووەتە مەترسییەوە و وڵاتی ئێمەی پارچە پارچە کردووە، لە وەها دۆخێکدا پ ك ك نابێ سنوورەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بپارێزێت و پێش بەو پێشمەرگانە بگرێت کە دەیانهەوێ بچنەوە وڵاتی خۆیان. هاوکاریی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە هەموو کاتێکدا زیاتر پێویستە و پ ك ك دەبێ هەڵوێستی خۆی لە کوردستانی باشووری ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتدا دووبارە نەکاتەوە و پێش بە خەباتی وەڵاتپارێزان نەگرێت. چونکە ئەو هەڵوێستانە خزمەت بە دۆزی کورد ناکات. پارتی سوسیالیستی کوردستان (PSK) پشتیوانی لە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەوڵەکانی دەکات و دەخوازێ ئەو کێشەیە لە ڕێگەی دانووستان و وتوویژەوە چارەسەر بکرێت.psk داوا لە pkk دەکات کە گوێ لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی دیکە بگرێت و پێش بە پێشمەرگە نەگرێت، نابێ ئاستەنگ لە سەر ڕێگای پێشمەرگە دروست بکات کە دەخوازن بچنەوە وڵاتی خۆیان. پارتی سوسیالیستی کوردستان بەبۆنەی پێشگیری لە ڕوودانی شەڕی براکوژی داوا لە هێزە سیاسییەکان، دام و دەزگا و کۆمەڵە دێموکراتیکەکان و مەدەنی و کەسایەتییە وڵاتپارێزەکان دەکات کە گوشار بخەنە سەر پ ك ك بۆ ئەوەی کە تەسلیمی دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ چارەسەریی کێشەکان ببێت.

پارتی سوسیالیستی کوردستان
٢٣ی گوڵانی ٢٠١٥

# بەیاننامەی کۆمەڵێک لە چالاکانی سیاسیی و مەدەنی شاری سنە

خەڵکی بە شەرەفی کوردستان
حیزب و لایەنە سیاسییەکان

هەروەك ئاگادارن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەتی کوردستان لە سەروبەندی گۆڕانکارییەکی مێژوویی دایە و بە قۆناخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. هەوڵێکی بەرفروان بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئارا دایە و زۆرتر لە هەر کاتێك پێویستمان بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی ناو ماڵی کورد هەیە. بە داخەوە لە ئاوەها هەلومەرجێکدا گرژی و هەڵچوون لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کورددا ڕووی داوە کە ئێمە وەکوو کۆمەڵێك لە چالاکانی سیاسیی و مەدەنیی شاری سنە هەڵوێستی خۆمان لە چەند خاڵ بە خەڵکی کوردستانی ڕادەگەیەنین:

١ ـ هەڵگیرسانی شەڕی براکوژی و دووپاتکردنەوەی هەڵە مێژووییەکان بە هەر شێوەیەك بێت لە هیچ هێز و لایەنێك قەبووڵ ناکرێ و بە توندی ئیدانەی دەکەین

٢ ـ پاوانکردنی سنوورەکانی خاکی کوردستان لە بەرژەوەندیی دوژمنانی کورددا جێگای قەبووڵ و پەسند نییە و بە مەحکوومی دەزانین

٣ ـ لە سەرجەم حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داواکارین بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی ئەم بەشەی کوردستان بە زووترین کات بەرەیەکی کوردستانی پێك بهێنن

٤ ـ داواکارین پارتی کرێکارانی کوردستان هێز و توانای خۆی بۆ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی بخاتە گەڕ و بە هەڵوێستی خۆیەدا سەبارەت بە هێزە کوردییەکانی پارچەکانی‌تری کوردستان و دوژمنانی کورددا، بچێتەوە

٥ ـ نوسینی و بڵاوکردنەوەی هەرچەشنە وتار و توندوتیژی لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا دژی یەکگرتوویی کوردە و دەچێتە خانەی خزمەت بە دوشمنانی کورد وبەزاندنی هێڵی سوورە.

کۆمەڵێك لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیی شاری سنە
٦ی جۆزەردانی ١٣٩٤

# شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانی لە هەولێر کرد

ڕێکەوتی ١١ی جۆزەردانی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر بە سەرپەرستیی محەممەدساڵح قادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە هەولێر کرد و لەلایەن شاندێکی یەکیەتیی نیشتتمانی بە سەرپەرستیی رزگار عەلی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پێشوازیان لێکرا. قادری لەو سەردانەدا، بە بۆنەی ٤٠مین ساڵی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ئاراستەی بەرپرسانی ئەو حیزبە کرد و کار و تێکۆشانی ئەو حیزبەی لە خەباتی سیاسی گەلی کورددا بەرز نرخاند.

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ■ No: 654 ■ 6 June 2015

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

### کوڕی شەهید قادر:

# دڵنیام فرمێسکەکانی دایکم و خوێنی باوکم دەبنە هەوێنی یەکڕیزیی گەلی کورد.



بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهید و برینداربوونی چەند هاوڕێی پێشمەرگە لە ناوچەی کێلەشین ، لە سەر سنووری ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان ، دایکی نیشتمان ڕاچڵەکی و گەلی کورد خەفەتبار بوو و فەزایەکی تەژی لە ماتەم باڵی بەسەر کادر و پێشمەرگەکانی حدکادا کێشا .

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی دیرۆکی گەلی کورد شاهێدی تراژێدیایەکی لەم چەشنە بوو. چەکدارانی پێ کا کا لە بڕیارێکی قێزەونانە پەلاماری پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان لە بناری چیای شاکێو لە ناوچەی برادۆست دا و لە ئاکامی ئەم هێرشە دوژمنکارانەیە کە لە ژێر فەرمانی فەرماندەکانی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوەچووە ، کادرێکی لێوەشاوەی حیزب، دێمۆکراتێکی ئازادیخواز و پێشمەرگەیەکی مافویستی کوردستان بە ناوی هاوڕێ «قادر کەریمی» شەهید و ٣ پێشمەرگەی دیکەش بریندار بوون.

هاوڕێ قادر کەریمی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە نێو بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەر لە شاری نەغەدە لە دایک بوو و بە بیری ئازادیخوازی گۆشی گرت. تا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم دەرسی خوێند و ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی ڕێبازی حیزبی دیمۆکراتی بۆ ئەستاندنەوەی مافە زەوت کراوەکانی گەلەکەی هەڵبژارد و بە پێوەندی گرتن بە تەشکیلاتی نهێنی حیزب وەک ئەندامێکی هەڵسوور، ئازایانە تێکۆشانی سیاسی خۆی لە نەغەدە و دەورووبەری دەسپێکرد. ساڵی ١٣٨١ لە لایەن دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمەوە دەکەوێتە ژێر چاودێری و لە کۆتاییدا ناچار دەبێت بۆ درێژەدان بە ئەرکە حیزبییەکانی پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتەوە بێت.

مەخابن لە دوا مەئموورییەتیدا بۆ گەڕانەوە بەرەو نیشتمان تاقمێک چەکداری فریوخواردوو کە چاویان بە گەورەیی حیزبەکەی شەهید قادر هەڵنایەت زۆر ناجوامێرانە هەڵدەکوتنە سەری و شەهیدی دەکەن.